مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

# رفض القمع السياسي من خلال نظرية شرعية الحكم لدى المفكرين والعلماء المسلمين في القرن الخامس الهجري

**د.سەنگەر عبدالله رسول**

**جامعة ڕاپەڕین**

sangar.history@uor.edu.krd

**هداية عبدلله حمدامين**

**جامعة ڕاپەڕین**

hidayatbaxtyar@gmail.com

**الكلمات المفتاحية**: الاستبداد السياسي، مصدر السلطة، شرعية الحاكم، العدالة، الشورى.

**كيفية اقتباس البحث**

رسول , سەنگەر عبدالله , هداية عبدلله حمدامين , رفض القمع السياسي من خلال نظرية شرعية الحكم لدى المفكرين والعلماء المسلمين في القرن الخامس الهجري , مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# رفض القمع السياسي من خلال نظرية شرعية الحكم لدى المفكرين والعلماء المسلمين في القرن الخامس الهجري

# Rejecting Political Oppression: The Theory of Legitimacy of Rule According to Muslim Thinkers and Scholars in the Fifth Century AH

**Dr. Sangar Abdullah Rasul**
**University of Raparin**
**sangar.history@uor.edu.krd**
**Hidayat Abdullah Hamdamin**
**University of Raparin**
**hidayatbaxtyar@gmail.com**

**Keywords** : political repression, the foundation of authority, the ruler's legitimacy, fairness, consultation.

**How To Cite This Article**
Rasul , Sangar Abdullah , Hidayat Abdullah Hamdamin , Rejecting Political Oppression: The Theory of Legitimacy of Rule According to Muslim Thinkers and Scholars in the Fifth Century AH ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## ملخص

تهدف هذه الدراسة إلى إجراء تحليل عميق لافكار اشهر علماء ومفكري القرن الخامس الهجري، واستقصاء مواقفهم ورؤاهم حول الاستبداد والسلطة، مع التركيز بشكل خاص على آراء ومواقف كل من (القاضي عبد الجبار، الماوردي، الجويني، والغزالي). تبحث الدراسة مواقفهم تجاه الفكر السياسي وشرعية حكم الحاكم من خلال مؤلفاتهم ونتاجهم الفكري. وللوصول إلى إجابات دقيقة، استندت الدراسة إلى النصوص الأصيلة والمصادر الموثوقة. وتتمثل الميزة الأساسية للبحث في تحليل الخطاب القائم على أربعة أسس رئيسية هي: العدالة، الشورى، مسؤولية الحاكم، ومصدر شرعية السلطة. وعلى الرغم من أن أحداث القرن الخامس الهجري بينت دعمهم لحكام ذلك العصر رغم ما شاب حكمهم من استبداد وتقصير، إلا أن المتأمل في كتاباتهم يجد أنهم رفضوا الاستبداد السياسي بطرق مختلفة.

يتألف البحث من مقدمة، وأربعة محاور رئيسية، وخاتمة، وقائمة بالمصادر. يتناول المحور الأول مفهوم "العدالة"، ويسعى لاستكشاف آراء العلماء ومواقفهم تجاه هذا المبدأ، وكيف عبروا من خلاله عن تأييدهم أو معارضتهم لممارسات السلطة والظلم في عصرهم. أما المحور الثاني، فيركز على

"الشورى" (أو المجالس الاستشارية) باعتبارها ركيزة أساسية للشرعية السياسية للحكام، ويناقش كيف عبر الفقهاء عن آرائهم ومواقفهم في هذا السياق. ويتطرق المحور الثالث إلى "مسؤولية الحاكم"؛ فيطرح تساؤلات حول طبيعة هذه المسؤولية ونطاقها، وهل تُعد سلطات الحكام مطلقة وغير قابلة للمساءلة، أم أنهم مسؤولون أمام الشعب والمؤسسات القانونية؟ وفي المحور الرابع والأخير، يُناقش مصدر السلطة السياسية لدى المسلمين؛ حيث يُطرح تساؤل حول ما إذا كانت هناك عائلات أو شخصيات تتمتع بقدسية تمنحها حق الحكم، أم أن سلطة الحاكم وشرعيته تستمدان وجودهما من "رضا الشعب".

## Abstract

The main objective of this work is to conduct a detailed analytical assessment of the beliefs and views of prominent Islamic scholars and experts in the fifth century AH regarding tyranny and power. Highlighting the views and positions of Qazi Abdul Jabbar Mu'tazali, al-Mawurdi, al-Jwaini and al-Ghazali in particular. In other words, it highlights their views on political thought and the legitimacy of ruling power within the structure of their writings. The research is based on authentic text and reliable sources to arrive at an approximate solution to the questions. The assessment of four basic components of justice—consultation and council, accountability of the ruler, and the principle of ruler legitimacy—form the main feature of the study. While there was some oppression and self-imposition in the writings and activities of the intellectuals and legal experts of the fifth century AH, it seems on the surface that they backed the rulers of the time. They have responded differently to political persecution.

The research consists of an introduction, four main themes, conclusions and a list of sources. In the first topic, which is related to justice, an attempt was made to find out the opinions and attitudes of scholars through this principle, how they expressed their support or opposition to the power and oppression of their time. The second topic, which dealt with councils and consultations as an important and main principle for the political legitimacy of the rulers, discussed how the jurists expressed their positions and opinions about it He has expressed oppression. This is despite the fact that the third topic discusses the responsibility of the ruler, what is the ruler responsible for and how? Are the powers and limits of the rulers absolute and irrevocable? Whether or not they are responsible to the people and the legal institutions. In the fourth and final topic, it is argued that the source of ruling authority among Muslims is heaven and God. Is any family or personality sacred to rule, or does the ruler's power and legitimacy come from the consent of the people?

# ڕەتکردنەوەی ستەمکاری سیاسی لەڕێگەی تیۆری شەرعییەتی فەرمانڕەوا لەلایەن بیرمەند و زانایانی ئیسلامی سەدەی (٥ك/١١ز)دا

**د.سەنگەر عبداللە رسول**

**ماموٚستا/ زانکۆی ڕاپەڕین**

sangar.history@uor.edu.krd

**هداية عبدالله حمدامين**

**خوێندکاری ماستەر/ زانکۆی ڕاپەڕین**

hidayatbaxtyar@gmail.com

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری قووڵ بکات لە بیرۆکەی زانا و شەرعزانە دیارەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچی، ئاخۆ هەڵوێست و بۆچوونیان دەربارەی ستەمکاری و دەسەڵات چی و چۆن بووە، بەتایەتی جەختکردنەوە لەسەر بۆچوون و هەڵوێستەکانی هەریەك لە ( قاضی عبدالجبار المعتزلي-قازی عەبدولجەباری موعتەزیلی، الماوردی-ماوردی، الجويني- جوەینی و الغزالی- غەزالی)، بەو واتایەی بەدواداچوون دەکات بۆ هەڵوێستیان سەبارەت بە فکری سیاسی و شەرعییەتی حوکمڕانی فەرمانڕەوا لەچوارچێوەی نووسین و بەرهەمەکانیان، لەو پێناوەدا بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی نزیك لە پرسیارەکان، توێژینەوەکە لەسەر دەقە ڕەسەن و سەرچاوە متمانەپێکراوەکان هەڵچنراوە. تایبەتمەندی سەرەکی توێژینەوەکە شیکاری و قسەکردنە لەسەر چوار بنەمای سەرەکی دادپەروەری، ڕاوێژ و شورا، بەرپرسیاریەتی فەرمانڕەوا و سەرچاوەی شەرعیەتی فەرمانڕەوا. هەرچەندە لە ڕووکەشدا دەردەکەوێت کە زانا و شەرعزانەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچی پاڵپشتی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواکانی سەردەمەکەبوون، لەکاتێکدا جۆرێك لە ستەمکاری و خۆسەپێنیان تێدابوو، بەڵام ئەگەر لە نووسین و بەرهەمەکانیان سەرنجبدرێت لەڕێگەی جیاوازەوە ستەمکاری سیاسیان ڕەتکردووە.

کلیلی وشە: ستەمکاری سیاسی، سەرچاوەی دەسەڵات، شەرعیەتی فەرمانڕەوا، دادپەروەری، ڕاوێژ.

## پێشەکی

سەدەی پێنجەمی کۆچی نوێنەرایەتی دەسکەوتێکی بەرچاو دەکات لە مێژووی فکری سیاسی ئیسلامیدا، بەو پێیەی خەرمانێکی دەوڵەمەند لە نووسین و بەتایبەت مەرجەکانی شەرعیەتی دەسەڵات و حوکمڕانی موسڵمانان دارێژراوە.

لەم چوارچێوەیەدا زانا و شەرعزانایانی موسڵمان پرسیاری بنەڕەتی و قوڵ دەخەنەروو، بەوەی ئایا شەرعیەتی فەرمانڕەوا لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ ئایا ستەمکاری چییە و کێ بەستەمکار دادەنرێت؟ ئایا دروست و ڕەوایە گوێڕایەڵی فەرمانڕەوایەکی ستەمکار بکرێت؟ سنوور و دەسەڵاتی دەسەڵاتی پێشەوا و خەلیفەی موسڵمانان چەندە؟ ئایا دەسەڵاتەکانی ڕەها و بێ لێپرسینەوەیە یان بەرپرسیارە؟ لە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامیدا چۆن ڕێگری لە نادادپەروەری دەکرێت؟

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی بنەڕەتی بەوەی کە ئایا لایەنگر و پاڵپشتی ئەو شێواز و مۆدیلە ببوون لە دەسەڵات کە لەدوای خەلیفەکانی ڕاشدینەوە هاتە کایەوە؟ ئەگەر پاڵپشتی بوون بۆچی پشتگیری لەو فۆڕمەی فەرمانڕەوایی دەکەن، لەکاتێکدا لادانێکی ئاشکرا و روون لە بنەما سیاسی و ئاکارییەکانی فکری سیاسی و بەتایبەت ئەزموونی سیاسی پەیامبەر و چوار خەلیفەکە ڕوویداوە. چۆن دەکرێت زانایان و شەرعزانەکان کە خۆیان بە بەرگریکاری سەرسەختی تێگەیشتنی دروستی ئیسلام دەزانن، کەچیکۆك و تەبابن لەگەڵ وەها دەسەڵاتێکدا؟ یاخود نەخێر زانا و شەرعزانەکان نەك هاودیدی دەسەڵات نەبوون، بەڵکو وەك بەرهەڵستکار و دژبەری ئەم بیرکردنەوە سیاسییە هەڵوێستیان دەربڕیووە؟ توێژینەوەکە مەبەستیەتی کە ئەوە ئاشکرا بکات ئەو بەرهەڵستکاری و دژبوونەی زانایان و بیرمەندانی سەردەمەکە چۆن لە بەرهەمەکانیان ڕەنگی داوەتەوە؟ ئایا بە ئاشکرایی توانیویانە گوزارشت لە بۆچوون و تێروانینەکەیان بکەن؟ توێژینەوەکە دەخوازێت لە قوڵایی نووسین و بەرهەمی ئەم زانایانەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بدۆزێتەوە و دەرگایەکی بچووك بکاتەوە بۆ تێگەیشتن لە دژیەکی و ناکۆکی هەڵوێستی زاناکان کە لە رووکەشی کارەکانیان دەردەکەوێت.

کەواتە سەرچاوە ڕەسەنەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچی، بەتایبەتی نووسینی زانایانی وەك قازی عەبدولجەبار، ماوردی، جوەینی و غەزالی لەپاڵ کتێب و تەنانەت توێژینەوە و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان دەبن بە هەوێنی خەملین و پێکهاتەی توێژینەوەکەمان.

ئبەپێی ئاگاداریی و گەڕانەکانی ئێمە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی هاوشێوە لەبارەی ئەم پرسانە و ئەم قۆناغە لە فکری سیاسی بەم ناونیشانە نەکراوە، بۆیە بە ئەرکی دەزانین، ئەگەر بە هەوڵێکی بچووکیش بێت، بەشداری لە تێگەیشتن و فراوانکردنی زانیارییەکانی پەیوەست بەم بابەتە بکەین.

هەڵبەت سروشتی توێژینەوەکە دەخوازێت کە لەیەککاتدا میتۆدی جیاواز بەکاربهێنرێت، بەو ئامانجەی کە بتوانرێت بە بۆچوونی خوازراو و نزیك لەڕاستی بگەین، لەپاڵ میتۆدی شیکاریدا، زۆرجار پەنامان بۆ میتۆدی بەراوردکاری بردووە، هەڵبەت لەو ڕێگەیەوە ویستراوە کە دوو بۆچوون و دوو قۆناغی جودا لەبەریەکڕانانیان بۆ بکرێت و ئەنجامەکان لەو ڕێگەیەوە وەدەست بهێندرێن.

توێژینەوەکە لە پێشەکی و چوار تەوەرەی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرەچاوەکان شێوەی گرتووە. لە تەوەرەی یەکەمدا کە پەیوەستە بە دادپەروەری هەوڵدراوە بۆچوون و هەڵوێستی زاناکان بزانرێت کە چۆن لەڕێگەی ئەو بنەمایەوە پشتگیری یان دژایەتی خۆیان بۆ دەسەڵات و ستەمکاری سەردەمەکەیان دەربڕیووە. لە تەوەرەی دووەمدا کە تایبەت بووە بە شورا و راوێژ وەك بنەمایەکی گرنگ و سەرەکی بۆ شەرعیەتی سیاسی فەرمانڕەواکان، قسە لەسەر ئەوە کراوە کە شەرعزانەکان لەو ڕێگەیەوە هەڵوێست و سەرنجی خۆیان دەربارەی ستەمکاری دەربڕیووە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە لەتەوەرەی سێیەمدا تاوتوێی بەرپرسیاریەتی فەرمانڕەوا کراوە، کە ئایا فەرمانڕەوا بەرامبەر بەچی و چۆن بەرپرسیارە؟ ئایا دەسەڵات و سنوری فەرمانڕەواکان ڕەهایە و لێپێچینەوەی نییە؟ یاخود نەخێر بەرامبەر بەگەل و دامەزراوەیی یاسایی بەرپرسیارن. لە تەوەرەی چوارەم و کۆتایی گەنگەشەی ئەوە کراوە کە سەرچاوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە نێو موسڵماناندا بریتییە لە ئاسمان و خودا؟ ئایا هیچ بنەماڵە و کەسایەتییەك پیرۆز و دیاریکراوە بۆ فەرمانڕەوایی، یاخود نەخێر دەسەڵات و شەرعییەتی فەرمانڕەوا لە ڕەزامەندی گەلەوە سەرچاوە دەگرێت؟

**تەوەرەی یەکەم: دادپەروەری (العدل)**

دادپەروەری بەبنچینەی یەکەمی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی دادەنرێت، هەر ئەمەش بوەتە بنەمای فەرمانڕەوایی لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدین، هەروەك لە وتاری دەستبەکاربوونیان بەڕوونی ڕەنگیداوەتەوە ( الطبري،١٩٦٧هـ، ج٣، ٢١٠). بەرمەبنای ئەوە دادپەروەری یەکێکە لەو بنەمایانەی زانایان و شەرعزانەکان بۆ شەرعییەتی فەرمانڕەوایی دیارییانکردووە، ئامانجیشیان ئەوە بووە، لەو ڕێیەوە ڕەخنە لە ستەمکاریی سیاسی بگرن، لەبەرئەوەی نەیانتوانیوە یان نەیانویستووە ڕاشکاوانە و بێ ڕتووش ڕەخنە ئاراستەی دەسەڵاتداران بکەن، چونکە پێیانوابووە بەرژەوندی لەوەدایە بتوانن بەردەوامبن، بۆ ئەوەی سوودی زیاتر بەمسوڵمانان و دەسەڵاتدارانیش بگەیەنن، بەڵام ئەگەر ڕاستەوخۆ ئەوکارە بکەن تووشی ڕاوەدوونان و دەربەدەری و زیندانیکردن دەبنەوە و دادەبڕێن، هەروەها ئاماژەیان بەوە کردووە پێویستە فەرمانڕەوایان بۆ بەرژەوەندی گشتی بەجێبەجێکردنی دادپەوەرییەوە پەیوەست بن، بۆیە لە چوارچێوەی ڕاڤەی ئایەتەکانی قورئان و لێکدانەوەی فەرموودەکاندا، ئامۆژگاری فەرمانڕەوایانیان کردووە، کە ماف بەخەڵکی بدەن و ستەمیان لێنەکەن (الطبري، ٢٠٠١، ج٧، ١٦٨-١٧١ ؛ البيضاوي، ١٤١٨هـ، ج٢، ٧٩-٨٠).

کەواتە لەلای زانا و بیرمەندانی ئیسلامی دادپەروەری گرێدراوبووە بە خیلافەت و شەرعیەتی فەرمانڕەوا، بە پێچەوانەوە لەدەروەی ئەو میتۆدە لە فەرمانڕەواییە، ستەمکاری و نادادییە. بیرمەند و فەیلەسوفی سەدەی نۆیەمی کۆچی ( ابن خلدون) کە بیرکردنەوەکانی لەسەر پاشخانی زانا وە شەرعزانەکانی پێشخۆی داڕشتووە و گوزارشت لە فکری سیاسی ئیسلامی دەکات لەوماوەیەدا، دوای وردبوونەوە و سەرنجدانی دەسەڵات و فەرمانڕەواکان، بڕوای وایە کە زۆرینەیان ستەمکار و ملهوڕن و دوور بوون لە دادپەروەری، لەسەر ئەو بنەمایە دادپەروەری تەواو تەنها لەخلافەتی شەرعیدا دەبینێت کە بنەماکەی بریتییە لە شورا و هەڵبژاردن ( ابن خلدون، ١٩٨١، ج١، ٤٦١)، کە لە لاپەڕەکانی دواتردا باسی ئەمە دەکەین.

شەرعزان و بیرمەندی ئەشعەری (الماوردي – ماوەردی م٤٥٠ک/١٠٥٨ز) یەکێکە لەو زانایانەی دید و تێڕوانینی ورد و ئاگایانەی هەبووە بۆ دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئەوکاتەی مسوڵمان، بەپێی پێوەرە شەرعییەکان تیۆری دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی داڕشتووە، لەو بنەما سەرەکیانەی بۆ پێشەوایەتی دیاریکردووە بریتییە لە دادپەروەری، کە مەبەستی سەرەکی ئەوەیە، نابێت فەرمانڕەوای مسوڵمانان ستەمکار بێت، بە لێکدانەوەیەکی دیکە دەیەوێت پەیامی ئەوە بگەیەنێت، کە زۆردار و ستەمکار شایانی فەرمانڕەوایەتی نییە، واتە هۆشداری بەفەرمانڕەوایان داوە کە لەستەمکاریی دووربکەونەوە( الماوردي، ٢٠٠٦، ١٩). ئەو تێگەیشتن و فەرهەنگەی ماوردی تەنها لە بواری فقهی سیاسی کورت هەڵنەهاتووە، بەڵکو دادپەروەری بنەمای ئەخلاق و ئاکار داناوە، بەو پێیەی کە دادپەروەری بە سەرەکیترین بنەمای شەرعیەتی فەرمانڕەوا دیاریکردووە، نەك قورەیشیبوون( الماوردي، ٢٠٠٦، ١٧). ئەمەش ئەو پەیامەی ناوبراوە کە بە ناڕاستەوخۆ ستەمکارانی سەردەمەکەی ڕەتکردووەتەوە، تەنانەت نەك قورەیشیبوون پێوەری یەکلاکەرەوە نییە، بەڵکو ئەگەر بانگەشەی ئەوەش بکەن کە بەرەچەڵەك بۆ بنەماڵەی پێغەمبەر دەگەڕێنەوە، نابێتە پێوەری شەرعی و یاسایی و چاو لە ئاستنەبوونی دادپەروەری ناپۆشرێت، بەرمەبنای ئەوە ماوردی مانەوەی فەرمانڕەوا لەسەر پەیڕەوکردنی دادپەروەری، بەمەرجی پابەندی خەڵکی بۆ فەرمانەکانی پێشەوا دادەنێت، بە پێچەوانەوە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

هەرکاتێك لە دادپەروەری دوورکەوتەوە، پێویست نییە لەسەر خەڵکی گوێڕایەڵی بکەن( الماوردي، ٢٠٠٦، ٤٢).

یەکێکیتر لە زانا و بیرمەندانی سەدەی پێنجەمی کۆچی بریتییە لە ( الجوینی_ جوەینی م.٤٧٨ك/١٠٨٥ز) هەرچەندە لە کتێبەکەیدا بۆ یەکەمجار باس لە مەرجی قورەیشیبوون دەکات و کۆمەڵێك بەڵگە دێنێتەوە، کەچی هەر خۆی ئاماژە بەوە دەکات ئەو فەرمووددەیەی کە لەو بارەیەوە هاتووە نەگەیشتوەتە ئاستی گێڕانەوەی بەکۆمەڵ ( المتواتر) (الجويني، ١٤٠١هـ، ٨٠)، ئەمەش نیاز و مەبەستی نووسەر ئاشکرا دەکات کە ئەم بنەمایە پێویست و بنەڕەتی نییە. دوور نییە ئەو بابەتەی بۆیە زیاتر زەق کردووەتەوە کە دژایەتی بێت بۆ ئەو لایەن و گروپانەی کە بە پێچەوانەی عەباسییەکان لە ناوچەکانی باکوری ئەفریقا و ناوچەکانی دیکە بە ناوی بنەماڵەی پێغەمبەر و قورەیشی، ویستویانە دەسەڵاتی خۆیان بشەرعێنن، ئاشکرایە کە جوەینی یەکێك بووە لەوانەی بەرگری لە دەسەڵاتی عەباسییەکان کردووە دژ بەو لایەنانەی کە لەژێر چەتری ئال و بیتدا ویستویانە خلافەت وەرگرن. تێزی زانایای ناوبراو لەبارەی حەتمیەتی بوونی فەرمانڕەوا لە هەموو دۆخێکدا بە پێویست دەزانێت، بە مەبەستی پارێزگاری لە بەرژوەندی هاوڵاتیان و بوونی ئاسایش و ئارامی، بەتوندی بەرگری لەو بۆچوونە دەکات کە دەبێت گوێڕایەڵی تەواوی فەرمانڕەوا بکرێت با خراپەکار و ناشایستەش بێت، لەدیدی ئەودا قەبوڵکردنی فەرمانڕەوای ناشایستە خراپییەکانی کەمترە لە نەبوونی کە دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازە و بڵاوبوونەوەی خراپەکاری، ئەم تێڕوانینەی لە ژێر بنەمای فیقهی ( الضررين[1])دا جێکردووەتەوە (الجويني، ١٤٠١هـ، ٩٨-١١١).

بەلای جوینییەوە، بوونی دەسەڵات و دانانی فەرمانڕەوا بۆ ڕێکخستنی کاروباری گەل و پاراستنی سنوورە شەرعییەکان و وەدیهێنانی ئاشتی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی دادپەروەری و ڕێگرتن لە ستەم و زۆرداریە، بەڵام هەرکاتێک فەرمانڕەوا پێچەوانەی ئەمەی ئەنجامدا و دەسەڵاتداران بوێری ئەنجامدانی ستەمیان هەبوو و ستەملێکراو نەیزانی کێ ستەمی لێکردووە، ئەوا پێویستە ئەو دۆخە چارەسەر بکرێت، چونکە لە بنەڕەتدا ئەرکی سەرەکی فەرمانڕەوا بۆ ئەوەیە، ڕیکوپێکی و یەکگرتوویی بەرپا بکات، لە حاڵەتی ڕاستنەکردنەوەی ڕێڕەوی فەرمانڕەوایەتی و جێهێشتنی خەڵک و لێنەپرسینەوەیان، حەق و ناحەق تێکەڵ دەبێت و ستەمکاری پەرەدەستێنێت و کاروبارەکان لە گرێژنە دەچن( الجويني، ١٤٠١هـ، ١٠٦-١٠٧)، لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە ئەم زانایە دادپەروەری بەمەرجێکی سەرەکی بنەمای فەرمانڕەوایەتی داناوە، چونکە بەبێ بوونی ئەو بنەمایە فەرمانڕەوا شەرعییەتی نابێت و پێویستە دوور بخرێتەوە و کەسێکی دیکە بخرێتە شوێنی ( الزبداني، ٢٠١١، ٢٠٦ ؛ حبش، ٢٠١٩، ٨٧).

لەلایەکترەوە (قاضي عبدالجبار – قازی عەبدولجەببار م٤١٥ك/١٠٢٥ز)  کە یەکێکە لە گەورە کەلامناسەکانی موعتەزیلە لە کتێبەکەیدا بەناوی ( المغني) دادپەروەری بە سەرەکیترین بنچینەی شەرعییەتی فەرمانڕەوا ئەژمار کردووە،  لە دیدی ئەودا مرۆڤەکان لە زەین و هزری خۆیاندا دەتوانن دادپەروەری بناسن و لە ستەمکاری جیایی بکەنەوە، بەو واتایەی کە بەبێ بوونی دەق ئایینی دەتوانرێت دادپەروەری بناسرێت، ئەمەش خاڵی جیاکەرەوە و ناکۆکە لەگەڵ تیۆری ئەشعەرییەکان کە جەختی لەوە دەکردەوە هیچ کردارێك بەبێ بوونی دەقی شەرعی بە ستەم دانانرێت، بەواتایەکتر تێزی ئەم شەرعزانەی موعتەزیلە ئەوەیە کە مرۆڤ سەرپشك و ئازاد دەکات کە بەپێوەری عەقڵی بڕیار لەسەر کردارەکانی فەرمانڕەوا بدات ئاخۆ لەچوارچێوەی دادپەروەرییە یان ستەمکاری( عبدالجبار، د. س،

٢٠١-٢٠٤). لەڕووی پراکتیکیەوە قازی عەبدولجەبار شەرعیەتی فەرمانڕەوای بە دادپەروەرییەوە گرێدابوو، شیکارییەکانی ئەم زانایە بۆ سەردەمەکەی ئێجگار گرنگ و پڕبایەخ بوون، چونکە کەم کەس بوێری ئەوەی هەبوو بەو شێوازە و بە ئاشکرا شەرعیەتی فەرمانڕەوا بەهۆی نادادی و ستەمکارییەوە ڕەت بکاتەوە و بە هەڵوەشاوەی دابنێت.

ئەم شەرعزانە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەی و دژایەتی ستەمکاری و ڕەتکردنەوەی لەڕێگەی بنەماکانی بیری موعتەزیلەوە ئاماژە دەکات کاتێک خوا بۆ خۆی ستەم ناکات و لەسەر خۆی قەدەغەیکردووە، ڕازیش نابێت، بەندەکانی ستەمکار بن، لەبەرئەوە داوای لێکردوون لێی دوور بکەونەوەر ( عبدالجبار، د. س، ص٢٠٥) ؛ ابن عقيل، ١٩٧٠، ج٢، ٧٤٣ ؛ الازدي، ١٩٨٣، ج١١، ١٩٨٣، ١٨٢). لێرەوەیە زانا و شەرعزانەکان دادپەروەرییان کردۆتە مەرجی یەکەم بۆ ئەو کەسەی مافی ئەوەی هەیە ببێتە پێشەوا و فەرمانڕەوای مسوڵمانان، تاوەکو نەتوانن ستەمکاریی بکەن و مافی ستەملێکراوان نەفەوتێت ( القاضي عبدالجبار، د، س، ٤٨ ؛ عويس، ٢٠٠٧، ج٢، ٥٤٩). ئەوەی بۆتە هۆی پاڵپشتی هەڵوێستی نەیارانی ستەم و زۆرداریی سیاسی فەرمانڕەوایان بەدرێژایی سەردەمەکان، جیاوازی دید و تێڕوانینی ڕەوتە جیاوازەکانی مسوڵمانان بووە، لە نێوان ئەوانەی باوەڕیان بەهزری جەبرییەت هەبووە و ئەوانەی ڕەتیان کردۆتەوە (جبرون، ٢٠١٣، ٥).

بەلای قازی عەبدولجەبارەوە پەیڕەوکردنی دادپەروەری لەلای فەرمانڕەوا بەواجبێکی داواکراو دادەنێت کە پێویستە دیار و شاراوەی وەک یەک بێت ( قاضي عبدالجبار، د. س، في الامامة١، ج٢٠، ١٩٥-٢٠١ ؛ سعيد، ١٩٨٥، ٩١)، لەبەرئەوەی فەرمانڕەوا بریکاری خەڵکە و گەل خاوەنی سەروەرییە، لەژێر هیچ بیانوویەکدا ڕوا و ڕێگەپێدراونییە بەستەمکاریی و تاکڕەوانە دەسەلات بەکار بهێنێت و ماف و ئازادی خەڵکی پێشێل بکات (القاضي عبدالجبار، المغني، د. س، في الإمامة٢، ج٢٠، ٣١-٣٥)، هۆکاری جەختکردنەوە لەسەر دادپەروەری لە دەسەڵاتدا لەلای ناوبراو ئەوەیە، ئەرکی سەرەکی فەرمانڕەوا پەیوەستە بەدنیاوە، بەو پێیەی بۆ بەرژەوەندی دنیایی و کاروباری خەڵکییە، نەک بەرژەوەندی ئایینی و قیامەتی لەئەستۆ بێت (القاضي عبدالجبار، المغني، د. س، في الإمامة ١، ج٢٠، ٧٧). لێرەدا خاڵێکی جیاواز و دیار لەلای ئەم زانای موعتەزیلە دەبینرێت کە ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵاتداران دەخاتە بەردەم لێپرسینەوەی خەڵك و بەناڕاستەوخۆش ئەو بنەمایە ڕەت دەکاتەوە کە بەشێك لە فەرمانڕەواکانی سەردەمەکەی لەپەنای ئەوەی ئەوان نوێنەری خودان لەسەر زەوی، خۆیان لەبەر پرسیاریەتی دزیوەتەوە و پەیوەست نەبوون بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان و بەرپاکردنی دادپەروەری.

هەروەها (الزمخشري – زمخشەری م٥٣٨ك/١١٤٤ز) یەکێکە لە زانا و ڕاڤەکارانی سەر بەڕەوتی موعتەزیلە، دروستی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایان بەپەیڕەوکردنی دادپەروەرییەوە بەستوەتەوە، لەدیدی ئەودا پێویستە فەرمانڕەوایان بەئەمانەتپارێزییەوە ئەو دەسەڵاتە بەڕێوەبەرن کە پێیان سپێردراوە و دادپەروەربن، لەسەر ئەو بنەمایە فەرمانڕەوایانی سەردەمەکەی ڕەتکردووەتەوە و بەستەمکار و دوور لە مەنهەجی خوا و پێغەمبەر (د.خ) پێناسەی کردووە ( الزمخشري، ١٤٠٧هـ، ج١، ٥٢٣-٥٢٤).

بەشێوەیەکی گشتی زانا و شەرعزانەکان لە قۆناغەکانی دواتریشدا دادپەروەری وەکو ڕیشەی سەرجەم بەهاکان دادەنێن، ئەوان لە هیچ بارودۆخ و حاڵەتێک پاساو نادەن تاوەکو شلگیری بکرێت لە بەرامبەر

بەهای دادپەروەری، لە هەمانکاتدا ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە هیچ مەبەستێک لە دەرەوەی بەهای دادپەروەری خزمەتی ڕاستەقینە ناکات، چونکە نەبوونی دادپەروەری واتای ستەمکاری دەگەیەنێت، کە ئیسلام ئەوەی یەکلاکردۆتەوە کە قەدەغەیە و ڕێگاپێنەدراوە، کە ئەمەش لە تاکەوە بۆ دەسەڵات و لە تایبەتەوە بۆ گشتی جیاوازی نییە (ابن تيمية، ١٩٨٦، ج٥، ١٢٦).

کەواتە دادپەوەری ئەو بنەمایە بووە کە زانا و شەرعزانەکان لەڕێگەیەوە هەوڵیانداوە بۆ ڕەتکردنەوەی ستەمکاری و شێوازی دەسەڵاتی سەردەمەکەیان بەکاربێنن، لەڕێگەی بەراوردکردنی کار و چالاکی ئەو دەسەڵاتدارانە بە بنەما ئاکاری و ئەخلاقییەکانی فکری سیاسی لە دەقەکان و ئەزموونی پەیامبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدین، بۆچوون و دیدگای خۆیان دەربڕیووە.

**تەوەرەی دووەم: ڕاوێژ (الشورى)**

ڕاوێژ [١]، لە ئیسلامدا بریتییە لە ئاڵوگۆڕی بیرورا لە نێوان کەسانی دانا و شارەزا بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان، لە قورئانیشدا سورەتێک بە ناوی (الشورى)ەوە هاتووە و لە ئایەتی (٣٨)دا خوا دەفەرموێت: ﴿**وأمرهم شورى بينهم**﴾ **واتا: ((کاروباریان بەڕاوێژ ئەنجام دەدەن))**، دیارترین ئاماژەی ئەم ئایەتە بۆ بابەتی دەسەڵات و دیاریکردنی فەرمانڕەوای مسوڵمانانە، پێغەمبەر (د- خ) پەیڕەوی کردووە و خەلیفەکانی ڕاشیدین و هاوەڵانیش بەشوێنیدا ڕۆیشتوون، ڕاوێژ لە بنەما گرنگەکانی دەستوور و سیستەمی حوکمڕانییە، دەسەڵاتی دروست کە ئیسلام دانی پێداناوە، ئەو دەسەڵاتەیە کە بڕیارەکانی لەڕێی گفتوگۆ و موتوربەکردنی دیدگا جیاوازەکانەوە دەردەکات و لەسەر ئەو بنچینەیە کاروبارەکانی بەڕێوە دەبات، لە ڕێگای ڕاوێژەوە ئیسلام هانی مسوڵمانان دەدات یەکپارچە بن و ڕێ لە پەرتەوازەیی بگرن، فەرمانڕەوای مسوڵمانان جێبەجێکاری شەریعەت و فەرمانەکانیەتی، ئامانج لە ڕاوێژ پاراستنی کیانی مسوڵمانان و چەسپاندنی دادپەروەری و دوورکەوتنەوەیە لە ستەمکاريی (الجامي، ١٩٩٣، ٩-١٢).

شورا لە فەرهەنگی سیاسی موسڵماناندا دوو واتای هەیە، یەکەمیان جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی پێویستە لەکاروباری گشتی و تایبەتی کۆمەڵی موسڵمانان ڕاوێژ و پرس بەیەکتر بکەن هەروەك لەم زانیاریانەی سەرەوە دیاری کراوە. دووەمیان کە مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینەیە ئەوەیە کە لەدانان و دیاریکردنی فەرمانڕەوای موسڵمانان پرس و ڕاوێژ لەناو چینی نوخبە و عاقڵمەندانی کۆمەڵگە بکرێت و باشترین بۆ ئەو پۆستە دیاری بکەن و پاشان ڕەزامەندی گشتی لەڕێگەی ڕاوێژی گشتییەوە بۆ وەربگیرێت. ئاشکرایە جێبەجێکردن و پەیڕەوی ڕاوێژ لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین بۆ دانان و هەڵبژاردنی فەرمانڕەوا و خەلیفە لە ڕێگەی دوو شێواز و میتۆدەوە بووە، یەکەمیان ئەو شێوازەبوو کە گفتوگۆ لە نێوان هاوەڵاندا بۆ دانانی شوێنگرەوەی سیاسی لەدوای مردنی پێغەمبەر ( د.خ) ئەنجامدرا، کە تێیدا ئەبوبەکر وەك خەلیفەی شەرعی بە زۆرینەی دەنگ دیاریکرا ( الشنقيطي، ٢٠١٨، ٢٠٤)، ئەم مۆدیلە لە ڕاوێژ لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتاب پێشکەوت و گۆڕا بۆ لیژنەیەکی شەشە کەسی کە لەناو خۆیان باشترین هەڵبژێرن بەبێ ئەوەی بتوانرێت کوڕی خەلیفە کاندید بێت، تەنها وەك لایەنی ڕاوێژ مایەوە، ئەمەش بە ئامانجی دووربوون و ڕێگری لە سیستەمی پشتاوپشتی. کەواتە ئەندامانی شورا و ڕاوێژ کەسانی تایبەتمەند بوون، ئەو کەسانەی شیاون بۆ بوون بەئەندام لە دەستەی ڕاوێژ، ئەوانەن کە لە فەرهەنگی سیاسی ئیسلامی ناونراون ئەهلی (الحل والعقد)، ژمارەیان بەپێی سروشتی

سەردەمەکە و زۆر و کەمیی کۆمەڵگا دیاری دەکرێت، ئەوانە پێویستە دادپەروەر و زانابن، زانستی ئایینی و سیاسییان هەبێت، لە هەمانکاتدا خاوەن ڕاو بۆچوون و دانایی بن (الماوردي، ٢٠٠٦، ١٨)، ئەمەش زیاتر روون دەبێتەوە ئەگەر بزانین لەسەرە مەرگدا عومەری کوڕی خەتتاب لیژنەیەکی دیاریکرد بۆ ئەوەی لە دوای خۆی خەلیفەی نوێ دەستنیشان بکەن، ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە لە ڕاسپاردەکانیدا هاتووە کە (عبدالله بن عمر - عەبدوڵڵای کوڕی عمر م٧٣ک/٦٩٣ز)ی کوڕی ئەندامی لیژنەکە دەبێت، بەڵام مافی خۆپاڵاوتنی نابێت، هەروەها (سعید بن زید) هەرچەندە یەکێک بوو لەو دە هاوەڵەی مژدەی بەهەشتیان پێدرابوو و لێهاتوو و شارەزابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئامۆزای بوو نەیخستە ناو لیژنەکەوە، بۆ ئەوەی پرۆسەکە بێخەوش و دووربێت لە کاریگەری خزمایەتی و دەمارگیری (ابن شبة، ١٣٩٩هـ، ج٣، ٩٢٤ ؛ الطبري، ١٩٦٧، ج٤، ص٢٢٩)، لە هەمانکاتدا بنەمای ڕێکاریشی بۆ پەیوەستبوون بەڕاوێژ و بوارنەدان بەدروستبوونی بۆشایی سیاسی دانا (الشنقيطي، ٢٠١٨، ١٣٥). کەواتە لێرەدا دوو شت روون دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە یەکەم دانانی فەرمانڕەوا لە باوکەوە بۆ کوڕ یان لەسەر بنچینەی خزمایەتی و نزیکایەتی شەرعیەتی نییە، چجای بکرێتە پشتاوپشتی و بنەماڵەیی. دووەمیان ئەوەیە کە بەکارهێنانی نزیکایەتی لە پێغەمبەر ( د.خ) و ئایینداری هیچ کەس و بنەماڵەیەك پێوەری شەرعی و یاسایی نییە بۆ فەرمانڕەوایی، هەروەك ئامۆزاکەی عومەری کوڕی خەتاب، هەرچەندە لەو کەسانە بوو کە لەلایەن خودای گەورە مژدەی بەهەشتی پێدرابوو، واتا خوای گەورە شاهیدی پاکی و باشی ئەم هاوەڵەی دابوو، کەچی ئەمە نەبووەتە بنەما بۆ ئەوەی لە بنەما سەرەکییەکانی فەرمانڕەوایی چاوپۆشی بکرێت.

میتۆدی دووەم لە ڕاوێژ ئەوەبوو کە لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەکری سەدیقدا پەیڕەوکراوە، دوای ئەوەی هەستی بەوە کرد پێویستە لەدوای خۆی کەسێك دیاری بکات، لەماوەیەکی دیاریکراودا پرس و ڕاوێژی بە گەورە هاوەڵان و نوخبەی ئەوکاتەکر ( الجويني، ١٤٠١هـ، ٧٤)، دوای ئەوەی وەك کاندیدی فەرمی عومەری کوڕی خەتاب لەچوارچێوەی ڕاوێژی نوخبە و تایبەتیدا پێشکەشکرا، لە قۆناغی دواتردا کە بریتیبوو متمانەی خەڵکی گشتی تا وەك فەرکانڕەوا و پێشەوای شەرعی قەبوڵی بکەن( الطبري، ١٩٦٧، ج٣، ٤٢٨-٤٣٥). هەرچەندە ئەو پرۆسەیە لە هەردوو مۆدیلەکەدا سادە و ساکار بوو، نەگۆڕاوە بۆ دەزگا و دامەزراوەی فەرمی و قوڵ، بەڵام بۆ ئەو قۆناغە گرنگ و پڕ بایەخ بوو، بەتایبەت ئەگەر دۆخی دانانی سەرکردە و فەرمانڕەواکانی ئەوکاتە لە نەریتی عەرەبی و دەوروبەریدا لەبەرچاو بیگرێت.

هەرچونێك بێت ئەم دوو میتۆدەی ڕاوێژ بۆ دانانی فەرمانڕەوای موسڵمانان لەدوای شەهیدکردنی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب کە دەکاتە چوارەم خەلیفەی ڕاشدین، لەبار بران و پەیڕەوی لە مۆدیل و میتۆدی نەریتی عەرەبی و کیسراپی و قەیسەری کرایەوە، کە بنەماکەی بریتیبوو لە هێز و خۆسەپێنی و دەمارگیری هۆزایەتی، ئەمەش بەدرێژایی سەردەمی ئومەوی و عەباسییەکان بەردەوام بوو.

زاناو بیرمەندانی ئەوکاتەی جیهانی ئیسلامی بەتایبەت لەسەدەی پێنجەمی کۆچی/ یازدەهەمی زایینیدا بەمەبەست و ئامانجی ڕەخنەگرتن و ڕەتکردنەوەی مۆدیلی باوی سەردەمەکەیان کەبریتیبوو لە خۆسەپێنی بە نارەوا و ناپەسند ناساندووە، هەوڵیانداوە لە نووسینەکانیان ئەو دوو مۆدیلەی کە لەسەردەمی ڕاشدین هاتبووەکایەوە تۆخ بکەنەوە، وەك ئاماژەیان بەوە کردووە کە خەلیفە و فەرمانڕەوایانی ئیسلامی تەنها لەڕێگەی ئەم دوو میتۆدەوە شەرعیەت وەردەگرن( الجويني، ١٤٠١هـ،

٥٥)، ئەمەش بە ئامانجی ناشەرعی بوونی مۆدیلی ئەوان، بێگومان لەپاڵ ئەوکۆمەڵە زانایەدا بەشێکیتر بە هۆکار و مەبەستی جیاواز بەرگری یان بیانویان بۆ سیستەمی باو هێناوەتەوە و بە یاسایی و شەرعیان ئەژمارکردووە.

هەروەها زانا و شەرعزانی موعتەزیلە قازی عەبدولجەبار دەڵێت فەرمانڕەوا لەناو موسڵماناندا بە پابەندبوون و هێنانەدی ئامانج و مەبەستەکانی شەریعەتەوە دەچەسپێت، بێگومان ئامانجی شەریعەتیش بریتیە لە دادپەروەری و پابەندبوون بە شورا و ڕاوێژەوە، بۆیە هەرکاتێك دەسەڵاتدار لەو بنامایانە لایدا و پێیەوە پابەند نەبوو، سەرەتا پێویستە ئاگادار بکرێتەوە و ڕێی لێبگیرێت، لەبەرئەوەی لەبنەڕەتدا فەرمانڕەوا گرێبەستێکە نێوان ئەوان و لەگەڵدا، بەمەبەستی سەرپەرشتیکردنی کۆمەڵگا لەڕێی ڕێکارە شەرعییەکانەوە (عبدالجبار، المغني ق١، ج٢٠، ٩٧ ؛ عمارة، 1984، ١٧). خاڵی بنچینەی بیرکردنەوەی ئەم زانایە ڕەزامەندی گەل نەك خۆسەپێنی، بەپێچەوانەوە شەرعیەتی فەرمانڕەوایان بەتاڵ و پوچە.

هەروەها زانا و شەرعزانی سەدەی پێنجەم زەمخشەری مەرجی گوێڕایەڵی بۆ فەرمانڕەوا و کاربەدەستی موسڵمانان بە هەڵبژاردن و شوراوە بەستوەتەوە، بەو واتایەی خەلیفە و کاربەدەستانی سەردەمەکەی مافی ئەوەیان نییە گوێڕایەڵیان بکرێت، چونکە بە هەڵبژاردن و شێوازی خەلیفەکانی ڕاشیدین نەچەسپیون، کەواتە شەرعیەتی یاساییان نییە، وەك ئاماژەی دەربڕینی بێزاری و نارازی بوونی خۆی بەرانبەر شێوازی فەرمانڕەوایی لە عەباسییەکان، پێیوایە خەلیفەکانی ڕاشیدین گوێڕایەڵییان دەکرێت، چونکە لەڕێی ڕاوێژەوە هەڵبژێردراون (الزمخشري، ١٤٠٧هـ، ج١، ٥٢٣-٥٢٤.). لێرەدا بەڕوونی بۆچوونی ناوبراو دەردەکەوێت کە دەسەڵاتدارانی سەردەمەکەی لەسەر نەبوونی بنەمایەکی گرنگەوە بە شەرعی نەناساندووە و گوێڕایەڵیشی بەپێویست نەزانیووە کە بریتییە لە شورا و هەڵبژاردن.

ماوردی وەك کەسایەتییەکی سیاسی کە پۆستی باڵا و گرنگی پێدراوە و لەهەمانکاتدا وەك ڕۆشنبیر و نووسەرێکی سەردەمەکە دەرکەوتووە، لەوبارەیەوە بەئاگایی و وریاییەوە مەبەست و خواستی خۆی دەربڕیووە بەجۆرێك نەبێتە هۆی توڕەبوونی فەرمانڕەوا و بنەماڵەی فەرمانڕەوا، لەترسی سزا و دەربەدەرکردن یان کوشتنی. ناوبراو بۆ دەرخستنی ناشەرعیبوونی خەلیفەکانی سەردەمەکەی، بەڕوونی و بە وردی لەکتێبەکەیدا هەوڵی زەقکردنەوەی شێوازی دانانی خەلیفە لەسەردەمی ڕاشدین دەکات، وەك ئاماژە بۆ خۆسەپێنی زۆرەملێی پشتاوپشتی سەردەمەکەی، بۆیە بەناڕەوا و ناشەرعی دەزانێ کە زۆر لەخەڵکی بکرێت تا بەناچاری و نابەدڵی پەیمان و بەڵێن بە خەلیفە بدەن، چونکە لەدیدی ئەودا ئەمە ئازادی تاکەکەسییە و لەژێر هیچ بیانویەکدا نابێت پێشێل بکرێت، ماوردی بەڕوونتر نارازیبوونی خۆی لەسەر شێوازی فەرمانڕەواکانی سەردەمەکەی دەربڕیوو، بۆیە دەڵێت ئەگەر دوو کاندیدی هاوشێوە بۆ خیلافەت هەبوو، دەبێت لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە نەك خۆسەپێنی یەکلایی بکرێتەوە، ئەمەش نیشانەیە بۆ ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتدارانی سەردەمەکەی کە بەهیچ جۆرێك بژاردەیان بۆ خەڵکی لە دەستیشانکردنی خەلیفە نەهێشتووەتەوە، لەسەر ئەو بنچینەیە بڕوای وایە خیلافەتی هیچ کەسێك لەژێر هیچ بیانویەکدا دانامەزرێت ئەگەر بەڕاوێژ و ڕەزامەندی خەڵکی نەبێت، چونکە لای ئەو فەرمانڕەوایی گرێبەستێکی دوولایەنیە و بەڕەزامەندی دولایەنەش شێوەی یاسایی وەردەگرێت ( الماوردي، ٢٠٠٦، د.س، ٢٦-٢٨). لێرەدا ئەم شەرعزانە هێما بۆ بابەتێکی زۆر گرنگ دەکات کە فەرمارەوایی بە گرێبەتسی دوو لایەنە ناودەنێت، ئەگەر سەرنجی گرێبەست بدەین لە فەرهەنگی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ئەوکاتەی کۆمەڵگەی ئیسلامی لە بابەتی مامەڵە ئابورییەکاندا، بۆمان دەردەکەوێت کە بەبێ ڕەزامەندی فرۆشیار و کڕیار، هەموو مامەڵەیەك حەرام و هەڵوەشاوەیە و شەرعیەتی ئایینی و یاسایی وەرنەگرتووە و بە پوچەڵ دانراوە، کەواتە ئەوە پێمان دەڵێت کە ماوردی بەمەبەست ئەم بابەتەی وروژاندووە، کە گرێبەستی فەرمانڕەوایی لەسەردەمی ئەودا دانەمەزراوە، چونکە ڕەزامەندی لایەنی دووەم کە خەڵکە وەرنەگیراوە، یان بەزۆر و لەژێر فشاری ترس و بەناچاری وەرگیراوە، ئەمەش مامەڵەکەبەتاڵ دەکاتەوە. ئەم بابەتە کە بریتیە لە گرێبەستی سیاسی فەرمانڕەوایی، دواتر لەفکری سیاسی ئەورووپیدا لە سەردەمی مۆدێرنەدا ئەبێتە پرسێکی گرنگ و پڕبایەخ. هەرچەندە ماوردی بەهۆی ئەو دۆخە تایبەتەی کە تێیدابووە لە دەسەڵات نزویکبووە و چەند جارێك بەرپرسیارییەتی پێدراوە، هەوڵیداوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڵوێستی خۆی لەبارەی ستەمکاری سەردەمەکەی دەربڕێت. لەوچوارچێوەیەدا کاتێك قسە لەسەر شەرعی و ناشەرعی بوونی گواستنەوەی خیلافەت لە باوەك بۆ کوڕ دەکات، بەناڕاستەوخۆ ئەوە ئەو شێوازە بەنادروست دادەنێت( الماوردي، ٢٠٠٦، ٣١-٣٢). ئەوەی جێی سەرنجە لەلای ئەو دادپەروەری مەرجی سەرەکی و بنەڕەتییە لە شەرعیەتی فەرمانڕەوا نەك شورا و هەڵبژاردن. هەرچۆنێك بێت کتێبەکانی ئاماژە و هەڵوێستی ناڕاستەوخۆی نووسەر دەردەخات لەوەی کە ناڕازی بووە لە شێوازی فەرمانراوایی سەردەکەی.

لەلایەکیتر زانا و شەرعزانی حەنبەلییەکان ( ابن الفراء) کە کتێبێکی تایبەتمەندی لەسەر پێشەوایەتی و فەرمانڕەوایی هەیە، دوای ئەوەی جەخت لەسەر مەرجەکانی خەلیفەی شەرعی دەکاتەوە، بەڵام بەهۆکاری جیاواز چاو لە مەرجەکان دەپۆشێت و فەرمانڕەوا لە حاڵەتی خۆسەپێنی و زۆرداریش بە شەرعی و یاسایی دەناسێنێت ( ابن يعلى الفراء، ٢٠٠٠، ١٩-٢٢).

ئەو دۆخەی لەدوای هەردوو جەنگی جەمەل و سفین هاتە کایەوە کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر بیری نوخبەی ڕۆشنبیر، بۆیە سیستەمی ڕاوێژ بەتایبەتی مۆدیلی عومەری کوڕی خەتاب لەلایەن هەندێ لە زاناوە بە فەوزا و گەڕەلاوژە پێناسە بکرێت، وەك ئاماژەی ئەوەی کە لە شورادا بەزەحمەت خەلیفە یەکلایی دەکرێتەوە ( الشنقيطي، ٢٠١٨، ٣٠٤). ئەمەش کاریگەری و باڵادەستی نەریت و میراتی ڕۆشنبیری عەرەبیە بەسەر بنەما شەرعییە سیاسییە ئیسلامییەکان، لەوبارەیەوە زانا و شەرعزانی سەردەمەکە جوەینی باس لەوە دەکات عومەر بۆ هەڵبژاردنی خەلیفە کارەکەی بە لیژنەیەکی شەش کەسی سپاردووە و کردویەتی بە گەڕەلاوژە ( الجويني، ١٤٠١هـ، ١٤٥). هەرچەندە توێژەرێکی هاوچەرخ پێیوایە مەبەست لەوشەی ( فوضي) لەلای جوەینی بریتیە لەوەی کە عومەر ئەرکی دانانی خەلیفەی بە کاری هاوبەش سپاردووە، نەك مەبەستەکە فەوزا و مانای نەرێنی بێت ( الشنقيطي، ٢٠١٨، ٣٠٤). دوورنییە ئەو بۆچوونە ڕاست و مەبەستی ڕاستەقینەی جوەینی بێت، چونکە ئەم شەرعزانە خۆی یەکێك بووە لەوانەی بەتوندی بەرگری لە ڕاوێژ کردووە( الجويني، ١٤٠١هـ، ١٤). بەبەڵگەی ئەوەی لەدوای دەرکەوتنی گفتوگۆ و بۆچوونی جیاواز لەسەر شێوازی دانانی خەلیفە بەتایبەت ڕاسپاردنی کوڕ لەلایەن باوکەوە، وناوبراو دەڵێت هەندێك کەس پێیان وایە ئەگەر مەرجەکان هەبێت دروستە، بەڵام ئەو ڕاسپاردنی کوڕ لەلایەن باوکەوە بۆ فەرمانڕەوایی بەناشەرعی و ناتەندروست دادەنێت، بەبۆچوونی ئەو لەبەرئەوەی لە نەریت و شێوازی خەلیفەکانی ڕاشدین نەبینراوە کە کوڕەکانیان  بە شوێنگرەوە لەدوای خۆیان دیاری بکەن، بۆیە ئەو مۆدیلەی سەردەمەکەی بەستەمکار و خۆسەپێن دەناسێنێت کە لەدوای خەلیفەکانی ڕاشدینەوە چەسپیوە( الجويني، ١٤٠١هـ، ١٣٨-١٣٩).

یەکێکیتر لەو زانا و شەرعزانانەی لەوسەردەمەدا قسەی هەبووە بریتیبووە لە غەزالی کە وەك فەیلەسوفێك سەرمەشقی ڕووبەڕووبوونەوەی هزر و بیری شیعەی ئیسماعیلی بوو، کە ماوەیەك هێزیان لە عەباسیەکان بریبوو، ئەو بووە بە نوێنەر و لایەنگری عەباسییەکان، کەمتر ڕەخنە لەو بەدیدەکرێت، بیانوی ئەمەشی بۆ یەکێتی ئومەت و گەل گەڕاندوەتەوە کە لەدیدی ئەودا مەترسییەکان زۆر گەورەتر و خراپەیەکان کەمترە بەبەراورد بە قەبوڵکردنی خەلیفەیەك لەدەرەوەی شورا و هەڵبژاردنەوە هاتبێت، لەسەر ئەو بنچینەیە هەر کەسێك لەڕووی هێز و تواناوە خۆی سەپاند ئەوا خیلافەتەکەی دروست و شەرعییە بەمەرجێك بتوانێت پەیڕەوەی لە دادپەروەری بکات و دڵی خەڵکی بەدەستبێنێت (الغزالي، د.س، ١٧٧-١٨٠). غەزالی زیاتر سەرنجی لەسەر واقیعی سەپاوی سەردەمەکە چڕکردووەتە هەتا مەرجەکان، بەلای ئەوەوە هێز و توانای کەسی فەرمانڕەوا لەپێشتر و گرنگتربووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان بەتایبەت مەترسی شیعەی ئیسماعیلی کە غەزالی لەڕووی فکرییەوە وەڵامی داونەتەوە، کەواتە خەلیفەی خۆسەپێنی دادپەروەر لەلای ناوبراو بەمەرجی کاتی خوازراو و شەرعی و پەسند بووە(الغزالي، ١٩٨٥، ٢٢٩)، بەپێچەوانەی جوەینی کە بەتەواوی پابەندی ئەوە بووە کە پێویستە خەلیفە لەڕێگەی ڕێکارە شەرعییەکانی وەك هەڵبژاردنەوە ببێتە فەرمانڕەوا نەك خۆسەپاندن، لەبەر ئەوە خەلیفەی خۆسەپێن لەلای جوەینی ڕەتکراوە و ناشەرعییە ئەگەر دادپەروەریش بێت.

ئەم بیرکردنەوە سیاسییەی موسڵمانان بۆ ئەوکاتە ئێجگار بەنرخ و پربایەخ بووە، کە زانا و ڕۆشەنبیرەکانی لەسەر فکر و بیرکردنەوەی قوڵ قسەیان لەبارەی دەسەڵات و فکری سیاسی کردووە، بەشێکیان بەیانوی یەکێتی گەل و ئاسایش و ئاوەدانی بەمەرج ڕازیبوون کە دەسەڵاتی کەسی خۆسەپێن لەڕێگەی هێزەوە بە دروست ئەژمار بکەن، لەبەرامبەردا کەسانێکی دیکە لەنمونەی جوەینی ئەوەیان ڕەتکردووەتەوە و بەرگریان لە بەها سیاسیە ئیسلامییەکانی وەك ڕاوێژ و دادپەروەری کردووەتەوە، بەڵام هەردوو لایەنەکە دژایەتی ستەمکاریان کردووە بەڵام ستەمکاری لەلای هەریەکێکیان پێناسە و جۆری هەبووە، لەلای هەنێکیان ستەمکاری بریتییە لە لادان و پابەندنەبوون بە بەها سیاسییەکانی ئیسلامی و لەلای هەندێکیتریان بەمەرج چاوپۆشی لەو بنەمایانە کراوە، بەڵکو بەوە ڕازیبوون کە فەرمانڕەوا ڕووبەڕووی مەترسییەکان بێتەوە و مافی هاوڵاتیانیش ڕەچاوبکات.

کەواتە ڕەتکردنەوەی ستەمکاری لەلایەن زانا و شەرعزانەکانی ئیسلامی لەچوارچێوەی ڕەتکردنەوەی پاشایەتی و پێداهەڵدانی خیلافەت بووە، کە بنەمای خیلافەت شورا و هەڵبژاردن و پاشایەتی پشتاوپشتی و خۆسەپێنی زۆرە ملێ بووە. زانایانی ئیسلامیی پاشایەتیان بە هەموو جۆرێك ڕەتکردووەتەوە و بە حەرامیان زانیوە، چونکە خیلافەت بنەماکەی ڕەزامەندی و گرێبەستە لەلایەن فەرمانڕەوا و گەل نەك پشتاوپشتی و خۆسەپێنی (ابن تیمیە، ١٩٩٤، ٢٩).

ئەوەی کە گرنگە بزانرێت لە هزری ئیسلامی و شەرعزانەکاندا مەبەست لە مافی گەل بۆ دیاریکردنی پێشەوا و فەرمانڕەوا ڕاستەوخۆ و ڕەها نییە، بەڵکو لەڕێگەی نوخبە و هەڵبژاردەکانەوە کە زیاتر لە زانا و شەرعزانەکان و عاقڵمەندانی سەردەم دەگرێتەوە، ئەوان بەنوێنەرایەتی گەل کەسێك دیاری دەکەن، هەڵبەت بە ڕەچاوکردنی ئەو سنور و هێڵە گشتیانەی کە خودا دیاری کردووە. کەواتە پێویست ئێستا بزانین ئەوانە کێن و کێ ئەو مافەی پێداون کە نوێنەرایەتی گەل بکەن.

فاڕابی وەك فەیلەسوفێكی دیار و بەتوانا بەوردی باسی لەو پرسە كردووە، كە لەدیدی ئەودا تەنها دوو چین دەتوانن دەوڵەتی نموونەیی و خزمەتگوزرار پێشكەش بكەن، یەكەمیان پێغەمبەرانن كە لەلایەن خوداوە ڕێنوێنی كراون، دووەم فەیلەسوف و زاناكانی ناو كۆمەڵگە بەو ئەركە هەڵدەستن، كەواتە لێرەوە بابەتەكە ڕوون دەبێتەوە زانین و زانست پێوەری دیاریكردنی نوێنەرانی گەلە (الفارابي، ١٩٨٦، ١٢٨-١٢٩).

لێروە ئەوە ڕوون دەبێتەوە كە ڕاوێژ و شورا وەك یەكێك لە بنەما سەرەكییەكانی فەرمانڕەوایی ئیسلامی دیاری كراوە، بۆیە زانایانی سەدەی پێنجەمی كۆچی وەك دەروازەیەكی گرنگ بۆ ڕەخنەگرتنی شێوەی فەرمانڕەوایی سەردەمەكەیان سودیان لێوەرگرتووە.

**تەوەرەی سێیەم: بەرپرسیارێتی فەرمانڕەوا**

فەرمانڕەوای بەرپرسیار بابەتێكی گرنگ و جێی لەسەر وەستانە، ئایە فەرمارەوا دوای ئەوەی كە پۆستەكەی پێ سپردرا سەربەستە لەوەی كە ئەنجامی دەدات؟ ئایا كارەكانی لەژێرچاودێری دایە یان نەخێر هیچ كەسێك مافی لێچێینەوەی نییە؟

لەپێشوتردا ئەوە ڕوونكرایەوە كە دوو مۆدیلی سەرەكی لە ڕاوێژ و شورا بۆ دیاری كردنی پێشەوا یان فەرمانڕەوا پەیڕەوی لێكراوە، ڕاستە هەردوو میتۆدەكە لەدوای كۆتایی فەرمانڕەوایی خیلافەتی ڕاشدین لەباربرا، ئەوەی بە درێژای دەسەڵاتداری ئومەوی و عەباسییەكان بۆ دانانی فەرمانڕەوا جێبەجێكراوە بریتیبووە لە خۆسەپێنی و پشتاوپشتی لە باوكەوە بۆ كوڕ، ئەم دۆخە بووەتە هۆی گۆڕانكاری لە ئەرك و بەرپرسیارییەتی فەرمانڕەوا، لە هەردوو مۆدیلە سەرەكیەكەی فكری سیاسی ئیسلامیدا خەلیفە بەتەواوی بەرپرسیاربوو بەرامبەر دوو لایەنی سەرەكی، یەكەم فەرمانڕەوا لە ئیسلامدا بەرپرسیارییەتێكی خودایی و ئایینی لە ئەستۆ بووە، دووەم بەرامبەر خەڵك كە بەیعەتیان لەسەر خزمەتكردن و دادپەروەری پێداوە. بۆیە كەسی فەرمانڕەوا بەرامبەر خودا و شەریعەتەكەی بەرپرسیارە، پێویستە ئەو بەتەواوی هەموو ئەوو ئەركانە جێبەجێ بكات كە ئایین بۆی دیاری كردووە.

لەلایەكیترەوە جوەینی وەك یەكێك لە زانا ڕادیكاڵەكانی سەردەمەكەی پێی وایە كە پێشەوایەتی یان فەرمانڕەوا تەنها بەرپرسیاریەتی سیاسی نییە، بەڵكو لەهەمانكاتدا بەرپرسیاریەتی ئایینی و ئەخلاقییە. لەڕاستیدا ئەم قسەیەی جوەینی یەكجار گرنگ و بەنرخە، چونكە ناوبراو دەیەوێت بە فەرمانڕەواكان بڵێت كە هەڵە و ستەمكاری ئێوە بەبەراورد بە فەرمانڕەواكانی ناموسڵمان زۆر گەورەتر و تاوانی زیاترە، چونكە ئەگەر لە دەروەی ئیسلام فەرمانڕەوا تەنها ئەركی سیاسی هەبێت و بەرامبەر خەڵك بەرپرسیار بێت، ئەوا ئێوە سەرباری ئەمە لەبەرامبەر خوداشدا بەرپرسیارن، هەركەسێكیش لە یاسا و شەریعەتی خودایی لابدات بەهەموو پێوەرێك مافی سەركردایەتی و پێشەوایەتی لەدەسەت دەدات (الجويني، ١٤٠١هـ، ١٠٣). لەسەر ئەو بنچینەیەش زانای ناوبراو جگە لە دادپەروەری لەگەڵیدا شورا و ڕاوێژ دەكاتە مەرجی شەرعیەتی خەلیفە، واتە ئەگەر خەلیفە هەڵبژێردراو نەبوو، ڕەزامەندی خەڵكی لەسەر نەبوو، ئەوا فەرمانڕەوایەتییەكەی بەتاڵ و پوچە ئەگەر دادپەروەریش بێت.

غەزالی لە كتێبەكەیدا بە ڕوونی و ئاشكرایی باس لەوە دەكات كە فەرمانڕەوا لە ئیسلامدا لە كاروبارەكانیدا ئازاد و بێسنور نییە، بەڵكو واجب و پێویستە لەسەری كە پابەندی دادپەروەری بێت و

خزمەتکاری خەڵك بێت ( الغزالي، ١٩٨٥، ج٤، ١١٩-١٢٠). لەبەر ئەوە غەزالی بێ پێچ و پەنا ڕوو لە فەرمانڕەواکانی سەردەمەکەی دەکات کە ستەمکاری دەسەڵاتدارەکان خراپەکەی زۆر گەورەتر و زیاترە لە خەڵکی ئاسایی، چونکە لەڕۆژی دواییدا بەرامبەر خودا بەرپرسیار دەبن و ستەمکاریەکەشیان گەورەترینە و سزاکەشی بە ئێشترینە (الغزالي،١٩٨٥، ج٤، ١١٩-١٢٠).

بەرپرسیاریەتی فەرمانڕەوا لە دید و تێڕوانینی بیرمەندی موعتەزیلە قازی عەبدولجەبار گرێدراوە بە بنچینەی بیرکردنەوەی ڕەوتەکەی کە بریتیە لە قەزا و قەدەر، ئەویش ئەوەی کە لەلای ناوبرا و مرۆڤ هەرکارێك ئەنجامی دەدات لەژێر ویست و ئیرادەی خۆیەتی، بۆیە ئەو کردەوانەی بەرامبەر خەڵکی دەیکەن بەتایبەت ستەمکاری ئەوا سوچ و خراپەی خۆیانە نەك قەدەری خوایی. لێرەدا هەست بەوە دەکرێت کە لەو سەردەمەدا بۆ شاردنەوەی تاوان و خراپەکانیان بەشێك لە فەرمانڕەواکانی سەدەی پێنجەم، ستەمکاری خۆیان بە قەزا و قەدەری خودا بەستوەتەوە، بە ئامانجی خۆ دەربازکردن لەبەرپرسیاریەتی، بەڵام زاناکەی موعتەزیلە بەتوندی ئەوەی ڕەتکردووەتەوە و ڕەخنەی لەو کارەیان گرتووە ( عبدالجبار، المخلوق، د.س، ٣-٤). کەواتە ئەو سەرزەنشت و هەڵوێستانەی زانایانی ئیسلام بەتایبەت لە چوارچێوەی فقهی سیاسیدا کە فەرمانڕەوایان لەبەردەم خودادا بەرپرسیار کردووە، کاریگەری لەسەر سوڵتان و کاربەدەستان هەبووە، تا ئەو ئاستەی کە ویستویانە لەڕێگەی خۆ دەربازکردن پاکانە بۆخۆیان بکەن یان لەڕێگەی هەندێ لە زاناکانی دەربار شەرعیەت بەخۆیان بدەنەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زاناکانی سەردەمەکە بەشێوەی جیاواز لە ئاستێکی بەرزی فکری سیاسیدا ڕەخنەیان لە ستەمکارانی سەردەمەکانیان گرتووە.

زانا و ڕۆشنبیرانی ئیسلامی بەتایبەت ماوردی باسی لەوە کردووە ئەرکی فەرمانڕەوا پابەندبوونە بەرامبەر خودا کە دادپەروەر و خزمەتکاری خەڵکی بێت، بەواتایەکیتر فەرمانڕەوا لە ئیسلامدا بەرامبەر دوو لایەن بەربرسیارە، یەکەم خودا، دووەم خەڵك، ئەمە قسەیەش بەتەواوی بریتیە لە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتدارانی سەردەمەکەی کە هیچ کەسێك نەیتوانیوە لێپێچینەیوەیان لەگەڵدا بکات، بۆیە هەر فەرمانڕەوایەك ئەگەر بەرامبەر شەریعەتی خوا بەرپرسیار نەبوو ئەوا شەرعیەتی یاسایی لەدەست دەدات ( الماوردي، ٢٠٠٦، ١٥). لێرەدا پرسێکی جدی دێتەپێشەوە ئەویش ئەوەی هەرکاتێك فەرمانڕەوا بە شەریعەتی خودا پابەند نەبوو، ئەوا زانا و شەرعزانان لەڕێگەی ئامۆژگاری و ئاگادارکردنەوە فەرمانڕەوا لەو لادانە ئاگادار دەکەنەوە، کەئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە فەرمانڕەوا ئەگەر سەرپێچی کرد ئەوا شەرعیەت لەدەست دەدات، لەسەر ئەو بنچینەیەی ئەگەر فەرمانڕەوا لەڕێی ڕەچاوکردنی بنەما شەرعییەکانەوە دەسەڵات وەرنەگرێت، کەواتە دەسەڵاتەکەی کەموکوڕی تێدایە، ئەو پرسیارەش سەرهەڵدەدات چۆن دەتوانرێت چاوەڕێی دڵسۆزی و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی لێبکرێت، لە کاتێکدا لە پێناوی بەرژەوەندی خۆی ڕێسا شەرعییەکانی پێشێلکردوون (القلقشندي، ١٩٨٥، ج١، ٣٦). کەواتە لەلای ماوردی دەسەڵاتی خەلیفە بێسنور و موتڵەق نییە، بەڵکو بەیاسا و ڕیساکانی شەریعەت سنوردارکراوە، بۆیە دەبینین زۆرینەیجار فەرمانڕەواکان هەوڵیانداوە کە زانا و شەرعزانەکان لەخۆیان نزیکبخەنەوە و پاداشتیان پێبدەن یاخود بەرپرسیاریەتیان پێ بدەن، بە ئامانجی ئەوەی شەرعیەت و ڕووکاری یاسایی بەبەر دەسەڵاتەکەیاندا بکەن، بەڵام ئەوەی گرنگ و جێگەی سەرنجە زۆرینەیجار زاناکان لەم دۆخەشدا بەشێوەی جیاوزا ڕەخنە و بێزاری خۆیان لە ستەمکاری و لادانەکانی فەرمارەواکان دەربڕیوە.

کەواتە لە لاپەڕەکانی دواتردا پێویستە ئەوە روون بکرێتەوە ئایا سەرچاوەی شەرعیەتی یاسایی پێشەوا و فەرمانڕەوا خودایە یان گەل؟ ئاشکرایە لە فکری زانایانی موسڵماندا پرسێکیتر دیار و بەرچاو بووە، ئەویش ئەوەیە ئایا دەسەڵاتی فەرمانڕەوا شەرعیەتەکەی لە خوداوە وەردەگرێت یاخود نەخێر لە گەلەوە؟ ئەگەر لەخوداوەیە کەواتە بەرامبەر گەل بەرپرسیار نین. بە واتایەکیتر سەرچاوەی پێویستی و شەرعیەتی دەسەڵاتی پێشەوا لە ناو موسڵمانان لەڕێگەی داواکاری و ویستی خوداییەوە هاتووە، خودا ئەو فەرمانڕەوایانەی دیاری کردووە, یاخود نەخێر هۆکاری بوون و پێویستی فەرمانڕەوا عەقڵ و پێویستی کۆمەڵگەیە و لەڕێگەی گەلیشەوە شەرعیەت وەردەگرن؟

**تەوەرەی چوارەم: سەرچاوەی شەرعیەتی فەرمانڕەوا**

بەشێک لە بۆچوونەکان پێیانوایە دەسەڵات سەرچاوەکەی ئایینی و خودایە و خەلیفە و خیلافەت بەو ئەرکە هەڵدەستن، سەرەتای ئەم بیرۆکەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئومەویەکان، کاتێک (معاوية بن أبي سفيان – موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان ٤١-٦٠ک/٦٦١-٦٨٠ز)، (زياد بن ابيه – زیادی کوڕی ئەبیە ٤٥-٥٣ک/٦٦٥-٦٧٣ز)ی بەوالی بەسڕە دامەزراند و لە گوتاری دەستبەکاربونیدا گوتی: **((ئەی خەڵکینە ئێمە بووینەتە کاربەدەست و گەورەی ئێوە، پاسەوانی کەرامەتی ئێوە، بەو دەسەڵاتەی خوا پێیداوین حوکمتان دەکەین))** (الطبري، ١٩٦٧، ج٥، ٢٢٠). ئەگەر بە سەرنجەوە لەو گوتارەی کاربەدەستی فەرمانڕەوای ئومەوی بڕوانین، ڕەگەزەکانی ئەم بیرکردنەوەیە بەدی دەکرێن کە بریتیە لەوەی ئومەوییەکان بۆیە بونەتە فەرمانڕەوا، چونکە خودا پشتگیری کردوون و بە فەرمانی ئەویش بوونەتە کاربەدەست، بەئامانجی ئەوەی کە بەخڵکی بڵێن ئێوە جگە لە ڕازیبوون و تەسلیمبوون بە ویست و ئیرادەی خودا، هیچ هەڵبژاردەیەکیترتان نییە، کەواتە بەپێی ئەم گوتارە پێویستە خەڵکی پشتگیری ئەوان بکەن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانیان بکەن. جەختکردنەوە لەم تیۆرە لە فەرمانڕەوایانەوە شۆڕبۆتەوە بۆ چینی ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگا و شاعیرانی سەردەمی ئومەوی بەڕوونی گوزارشتیان لێکردۆتەوە، کە خوا ئەوانی هەڵبژاردووە و خیلافەت و پاشایەتی پێبەخشیون بەویستی خودا حوکم دەکەن، گەورە شاعیری ئومەوی (جرير م١١٠ک/٧٢٨ز) شیعرێکی بۆ (عبدالملك بن مروان٦٥-٨٦ک/٦٨٥-٧٠٥ز) نووسیوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە خوا خیلافەتی پێسپاردووە و دەڵێت: **((خوا خیلافەت و شکۆمەندیی بەخاوەنی خۆی سپاردووە، هیدایەت چواردەوری داویت بڕیار و ویستی خوا گۆڕانی تێدا نییە))** (جرير، د. س، ج١، ٩٤-٩٥)، ئەم دەقە ئاماژەیە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ئومەوی جەبریە و لە خواوە بڕیاری لێدراوە و پێویستە هەموان گوێڕایەڵی بن و بژاردەی دیکە نییە، چونکە ئەوان سێبەری خوان لەسەر زەوی و فەرمانڕەوای خەڵکین (٣).

عەبباسییەکانیش بەهەمان شێوەی ئومەویەکان پەرەیان بەم بیرکردنەوەیە داوە، ئەوەتا خەلیفەی دووەمی عەباسی (أبو جعفر المنصور-ئەبو جەعفەری مەنسوور ١٣٦-١٥٨ک/٧٥٤-٧٧٥ز) لە وتارێکیدا دەڵێت:

**((ئەی خەڵکینە من فەرمانڕەوای خوام لەسەر زەویەکەی، بەپشتیوانی و ڕێنوێنی ئەو بەڕێوەتان دەبەم، بەویست و توانای ئەو هەڵسوکەوت دەکەم...))** (ابن عبد ربه، ١٤٠٤هـ، ج٤، ١٨٦)، ئەم دیدگایەی عەبباسییەکان پشتیوان و یارمەتیدەرێکی کاریگەر بوو لەسەر درێژەپێدان و مانەوەی دەسەڵاتیان بۆ ماوەیەکی زۆر ( رسول، ٢٠٢٥، ١٢٩).

ئەم بیرکدنەوەی کە دەسەڵاتدارانی عەباسی پەرەیان پێداوە و بۆ بێدەنگردنی ئەو دەنگانە بەکاریان هێناوە کە ڕەخنەیان گرتووە لەوەی بۆچی ئەوان لە ڕێباز و ڕێگەی خەلیفەکانی ڕاشدین لایانداوە، بەڵام زانا و بیرمەندانی ناو کۆمەڵگە بەشێوەی جواز ڕووبەڕووی ئەم بیرکردنەوە جەبرییە بوونەتەوە و جەختیان لە بیرکردنەوەی مرۆڤی ئازاد کردووەتەوە، کە دواتر بابەتی قەزا و قەدەر تێکەڵ بە هزری سیاسی ئەبێت، کە لەڕاستیدا ئەوەندەی ئەو بیروباوەڕە بۆ ڕەتکردنەوەی جەبریەتی سیاسی بوو ئەوەندە گرێدراوی بیروباوەڕی ئایینی نەبوو.

دیدی و تێڕوانینی شیعە لەوبارەیەوە ئاڵۆزتر و قوڵترە، ئەوان زیاتر لە کاربەدەستان و بنەماڵە فەرمانڕەواکانی سوننە ئەو بابەتەیان بە بیروباوەڕەوە گرێداوە، بەجۆرێك دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی بەویست و ئیرادەی خواوە دەبەستێتەوە، ئەمەش لەڕێگەی شایستەبوونی (علی بن أبي طالب - عەلی کوڕی ئەبی تالیب ٣٦-٤١ك/٦٥٦-٦٦١ز) و نەوەکانی، کە بە یەکێك لە بنەماکانی باوەڕ ئەژمار دەکەن، لەم ڕوانگەیەوە دەسەڵاتی خەلیفەکانی ئومەوی و عەبباسی بەفەرمانڕەوای شەرعی ناناسن، بەڵکو بەقۆرخکردنی مافی عەلەویەکانی دەزانن ( الشهرستاني، ١٩٩٣، ج١، ١٦٠).

لە تێڕوانین و فکرەی شیعەدا فەرمانڕەوا لەڕێگەی دەقی ڕوون و ئاشکراوە بۆ عەلی کوڕی ئەبی تاڵب و نەوەکانی یەکلاییکراوەتەوە، ( الشريف الرضي) یەکێك لە شەرعزانەکانی شیعە کە لەسەرتاکانی سەدەی پێنجەمی کۆچی مردووە، لە نووسینەکانیدا ئەو بۆچوونەی دەربڕیووە، ئەو دەڵێت بابەتی پێشەوای موسڵمانان بەدەق بڕواتەوە و هەڵبژاردن و خواستی خەڵکی تێدانییە، بۆیە هەر جۆرە هەڵبژاردنێك بۆ ئەم پرسە بەتاڵ و ناشەرعییە ( الرضي، ٢٠٠٤، ٩١-١٠٥).

لەهزری سیاسی ئیسلامیدا بۆچوون و پێکدژی زۆر لەبارەی سەرچاوەی دەسەڵاتەوە هەیە. ماوردی لە کتێبەکەیدا بە دووروودرێژی باسی لەو ناتەبابییە کردووە لە نێوان موسڵماناندا، هەردوو بۆچوونەکەی خستوەتەڕوو، بەڵام لە چوارچێوەی نووسینەکەیدا خوێنەر هەست بەوە دەکات کە جۆرێك لە ئاڵۆزی و قورسی هەیە لە زانینی هەڵوێستی ناوبرا و زاناکانی تریش. ئەو شەرعزانە شافعییە کە خۆی کاراکتەرێکی سیاسی دیاری سەردەمەکەی بووە بۆچوونی وایە کە سەرچاوە و سنوری دەسەڵاتی ئیسلامی لەچوارچێوەی شەریعەتی خودا دیاریکراوە، بەوەی سنوری دەسەڵات و هێڵە گشتییەکانی فەرمانڕەوایی لەلایەن شەرعەوە دیاری کراوە، بەڵام کەسێکی دیاریکراو لەلایەن خودا و پەیامبەرەکەی بۆ ئەو ئەرکە یەکلایی نەکراوەتەوە، بەڵکو ئەوە کەوتوەتەوە سەر گەل کە کێ بەشایستە دەزانێ لەچوارچێوەی ئەو هێڵە گشتیانەی خودا و پەیامبەرەکەی بکاتە کاربەدەست و فەرمانڕەوا ( الماوردي، ٢٠٠٦، ١٥-١٧).

لەدیدی شەرعزان و سیاسەتمەداری سەدەی پێنجەمی کۆچی ماوەردی گەل لەڕێگەی نوخبەوە سەرچاوەی شەرعیەتی دەسەڵاتە و لەسەر فەرمانڕەواش پێویستە پابەندی ئەو گرێبەستە بێت کە بریتییە لە پاراستنی سنورەکانی شەریعەت و جێبەجێکردنی، کە خۆی دەبینێتەوە لە خزمەتکردنی گەل.

جوەینی بەتوندی وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە پێشەوا و فەرمانڕەوای موسڵمانان دەبەستنەوە بەوەی لە لایەن خوداوە دیاری کراون یان کەسێك یان بنەماڵەیەك ئەو پۆستەیان بۆ بڕابێتەوە ( الجويني، ١٤٠١هـ، ٢٨). هەڵبەت ئەمە بەئاشکرا ڕەتکردنەوە و دژایەتی ئەو کاربەدەست و بنەماڵە دەسەڵاتدارانەی سەردەمەکەی بووە ،کە هەوڵیان داوە لەڕێگەی شەرعیەتی خوداییەوە فەرمانڕەوایی بکەن و ستەمکاری بکەن و کۆتاییش بە و ڕەخنە و سکاڵایانە بێنن کە لەلایەن خەڵك و بەشێك لە

زانایان ئاڕاستەیان کراوە. هەرچەندە هاوشێوەی زانایانی وەك ماوردی پێوایە شەریعەتی خودا سەرچاوەی بەها و سنورەکانی دەسەڵاتە لەنێو موسڵماناندا، بەڵام بەتەواوی بەرگری لەوە دەکات بە کۆدەنگی و ڕەزامەندی گەل نەبێت، شەرعیەتی هیچ دەسەڵاتێك و کەسێك دانامەزرێت( الماوردي، ٢٠٠٦، ٥٥). ئەوەش بەوەتای ئەوە دێت گەل مافی لێپێچینەوەی هەیە لەحاڵەتی ئەوەی کە پێشەوا و کاربەدەستان پێچەیوانەی گرێبەستەکە مامەڵەیان کرد. بۆیە دەڵێت **" کەواتە دەڵێین ئەو سیفەتانەی پێویستە لە پێشەواکاندا هەبن.. هەر شتێک دژایەتی نەبوونی تایبەتمەندییەکی دانپێدانراوی پێشەوا بکات و ئاماژە بە نەبوونی بکات، کاریگەرە لەسەر لادان و دوورخستنەوەی پێشەوا، بێگومان ئەمە بنەمای ئەم بابەتەیە"** ( الجويني، ١٤٠١هـ، ٩٨).

(الغزالي – غەزالی م٥٠٥ك/١١١١ز) بەهەمان شێوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە هیچ بەڵگە و دەقێکی یەکلاکەوەرە نییە کە فەرمانڕەوا لەلایەن خودا دیاریکرابێت، بەڵکو ئەوە پرسێکی دونیاییە و خەڵك ئەو کەسە هەڵدەبژێرن، لەسەر ئەو بنەمایەش بەرامبەر گەل بەرپرسیارە، کەواتە لەدیدی ناوبراو سەرچاوەی شەرعیەتی یاسایی فەرمانڕەوای ئیسلامی بریتییە لە گەل و کۆدەنگی هاوەڵان، هەرچەندە ئەگەر پابەندی ئەو گرێبەستەش نەبوو کە لەنێوان فەرمانڕەوا و گەل بەستراوە، لەدیدی غەزالی شەرعیەت لەدەست نادات و لانادرێت، ئەمەش بەبیانوی ئەوەی لادانی زیان و خراپەی لە مانەوەی زیاترە ( الغزالي، ١٩٨٦، ج١، ١٥٥), هەروەها بە بۆچوونی ناوبراو سەرچاوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوای ئیسلامی شەریعەتە و گوێڕایەڵی ناچارییە و دژایەتی و بێفەرمانی ڕێگەپێنەدراوە ( الغزالي، ١٩٨٨، ٤٤)، لەوبارەیەوە دەڵێت: **((نابێت وابزانین واجببوونی لە عەقڵەوە وەرگیراوە، ڕوونمان کردەوە کە واجببوونەکەی لە شەریعەتەوەیە))** ( الغزالي، ٢٠٠٤، ١٢٧)، پێیوایە ئایین و سیاسەت و فەرمانڕەوایی تەواوکاری یەکترین و بەبێ یەکتری تەواو نابن، هەموو ئەم تێڕوانینە بۆ ئەوە بووە خەڵک دەسەڵات بەپیرۆز بزانێت و ڕێگا لە ئاژاوە و فیتنە بگیرێت ( رسول، ٢٠٢٥، ١٣٢-١٣٣).

لەلایەکیترەوە موعتەزیلەکان وەك ڕەوتێکی عەقڵانی و هێزی بەرهەڵستکاری فکری دەسەڵاتی سەردەمەکەیان، هەوڵیان داوە ئەم پرسە لەچوارچێوەی هزریدا چارەسەر بکەن، هەرچەند موعتەزیلە لە هەندێ وێسگەی فکری لەگەڵ شیعەدا کۆك و تەبا دێنەوە، بەڵام لەپرسی پێشەوا و فەرمانڕەواییدا بەتەواوی جیاوازن، قازی عەبدولجەبار بەرگری لەو بۆچوونە کردووە کە فەرمانڕەوا پێویستییەکی عەقڵی ڕووتە و بەدەق ئەو بابەتە یەکلایی نەکراوەتەوە، لەسەر ئەم بنچینەیەش فەرمانڕەوا سەرچاوەی شەرعیەتی گەلە و بەرپرسیارە بەرامبەر ئەو متمانە و گرێبەستەی کە پێیدراوە (عبدالجبار، في الامامة ١، ج٢٠، د.س، ١٦-١٧ ).

لەسەر ئەو بنچینەیە دەتوانرێت بگوترێت سەرچاوەی شەرعیەتی پێشەوای موسڵمانان لە ڕوانگەی ئەو زانایانەدا بریتییە لە گەل، بەڵام بەرەچاوکردنی سنوری شەریعەت و مافی لێپێچینەوە و تەنانەت لادانیشی هەیە ،ئەگەر پابەندی گرێبەستەکە نەبوو. کەواتە بابەتەکە ڕەها و بەتەنها گەل نییە، بەڵکو خودای گەورە بەها سیاسییە باڵاکان بۆ فەرمانڕەوای موسڵمان دیاری کردووە و لە ئەزموونی سیاسی پێغەمبەر ( د.خ) و خیلافەتی ڕاشیدین بەرجەستەکراوە، بەرمەبنای ئەمەش گەل لەسەر ئەو بەهایانە متمانە بە کەسانێك دەبەخشێت کە ببێتە جێبەجێکار و بەو ئەرکە هەستێت.

ئەنجام

- دادپەروەری وەك بنەمای سەرەکی فەرمانڕەوایی و شەرعی موسڵمانان دیاریکراوە، زانایان لەڕێگەی تۆخکردنەوەی ئەو بنەمایە دەسەڵاتدارانی سەردەمەکەیان ڕەخنەکردووە.
- ڕاوێژ و شورا لە چوارچێوەی چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە وەك بنچینەیەکی گرنگ و بنەڕەتی سەیرکراوە، بۆیە بەشێك لە شەرعزانەکان نووسینەکانیان ئاوێتەی ڕەخنە و توانجی قوڵ بووە لە دەسەلاتدارانی سەردەمەکەیان کە لەڕێگەی ئەم بنەمایە جێگیر نەبوون.
- لە فکری سیاسی سەدەی پێنجەمی کۆچی بابەتێکی ئیجگار گرنگ هاتوەتە ناو فەرهەنگی سیاسییەوە کە بریتییە لەوەی فەرمانڕەوایی و پێشەوایەتی گرێبەستێکە لەنێوان دەسەڵاتداران و گەل، بەبێ ڕەزامەندی گەل، ئەو گرێبەستە بەتاڵ و پوچە، کەواتە فەرمانڕەوایی ئەوانیش شەرعییەتی نییە.
- هەرچەندە زۆرینەی زاناکان بەرگریان لە بنەما سیاسییەکانی وەك دادپەروەری و شورا کردووەتەوە، بوەڵام هەندێکیان بە بیانوی یەکێتی گەل و بەرژەوەندی گشتی، بەمەرج بۆماوەیەکی کاتی چاوپۆشیان لەو بنەمایانە کردووە.
- سەرچاوەی شەرعییەتی فەرمانڕەوایان بە گەل دیاریکراوە و تیۆری دەسەلات لەڕێگەی ئایین و جەبرییەتەوە ڕەتکراوەتەوە، بۆیە دەسەڵاتداران لەبەردەم گەلدا بەرپرسیارکراون، تا ئاستی لادان و دوورختنەوەیان.

**پەراوێز:**

(١): پێناسەی الضررين: لە فیقهی ئیسلامیدا ئەوە هاتووە ئەگەر کەسێك یان کۆمەڵگە بەگشتی ڕووبەڕووی دۆخێك بوویەوە کە لەبەردەم دوو زیاندابوو، نەیتوانی خۆیان لێ بەدووربگرێت، لەوکاتەدا بەبێ عەقڵ و لۆژیك، بە ڕاوێژی ئەهلی زانست پەنا بۆ ئەو شتە دەبرێت کە زیانی لەڕووی دونیایی و ئایینییەوە کەمترە. بۆ زانیاری زیاتر لەوبارەیەوە بڕوانە: الماوردي، ١٩٩٩، ج٩، ٧٩-٨٣).

(٢) ڕاوێژ بابەتێکی فراوان و ئاڵۆزە، چەندین بۆچوونی جیاوازی لەبارە گوتراوە، بۆ زانیاری زیاتر لەوبارەیەوە بڕوانە: ( أبو عبدالله محمد بن أحمد الأنصاري القرطبي، تفسير القرطبي الجامع لأحكام القرآن، تح: أحمد البردوني و إبراهيم أطفيش، ط٢، دار الكتب المصرية، (القاهرة، ١٩٦٤م)، ج١٦، ص٣٦-٣٨ ؛ سعد عبدالسلام حبيب، الشورى في الأسلام، المجلس الأعلى للشؤن الإسلامية، (القاهرة، د.س)، ص٩-٢٠).

(٣). دەربارەی جەبرییەت لە خیلافەت و ڕەنگدانەوەی لە شیعری ئەمەویدا بڕوانە: ( حسين عطوان، الأمويون والخلافة، دار الجيل، (بيروت، ١٩٨٦م)، ص٢٩-٤٥).



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ليستى سەرچاوەكان

**يەكەم: سەرچاوە رەسەنەكان**

- **ابن ابي يعلي ابن الافراء، القاضي ابن ابي يعلى محمد بن الحسين (ت. ٤٥٨هـ/١٠٦٥م):**

١. الاحكام السلطانية، تح: محمد حامد الفقي، ط٢، دار الكتب العلمية، (بيروت، ٢٠٠٠).

- **البيضاوي، ناصرالدين (ت. ٦٨٥هـ/١٢٨٦م):**

٢. أنوار التنزيل وأسرار التأويل، تح: محمد عبد الرحمن المرعشلي، دار إحياء التراث، (بيروت، ١٤١٨هـ).

- **ابن تيمية، أحمد بن عبدالحليم بن عبدالسلام (ت. ٨٢٧هـ/١٣٢٧م):**

٣. السياسة الشرعية في اصلاح الراعي والرعية، وزارة الشئون الإسلامية والأوقاف والدعوة والإرشاد، (الرياض، ١٤١٨هـ).

٤. منهاج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة القدرية، تح: محمد رشاد سالم، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، (الرياض، ١٩٨٦).

٥. الخلافة والملك، تح: حماد سلامة، ط٢، مكتبة المنار، (الاردن، ١٩٩٤).

- **جرير (ت. ١١٠هـ/٧٢٨م):**

٦. ديوان جرير، تح: نعمان محمد أمين طه، ، ط٣، دار المعارف، (القاهرة، د. س).

- **الجويني، عبدالله بن يوسف بن محمد (ت. ٤٧٨هـ/١٠٨٥م):**

٧. الغياثي غياث الامم في التياث الظلم، تح: عبدالعظيم الديب، ط٢، مكتبة الامام الحرمين، (الرياض, ١٤٠١هـ).

- **ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد بن محمد (ت. ٨٠٨هـ/١٤٠٥م):**

٨. العبر وديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والعجم والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر، تح: خليل شحادة، دار الفكر، (بيروت، ١٩٨١).

- **ابن شبة، ابو زيد عمر (ت. ٢٦٢هـ/٨٧٦م):**

٩. تاريخ المدينة، تح: فهيم محمد شلتوت، (جدة، ١٣٩٩هـ).

- **الرضي، السيد الشريف (ت ٤٠٦هـ/١٠١٥م):**

١٠. نهج البلاغة، ط٤، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ٢٠٠٤.

- **الزمخشري، محمود بن عمرو بن احمد (ت. ٥٣٨هـ/١١٤٣م):**

١١. الكشاف عن حقائق غوامض التنزيل وعيون الاقاويل في وجوه التأويل، ط٣، دار الكتب العربي، (بيروت، ١٤٠٧هـ).

- **الشهرستاني، محمد بن عبد الكريم بن أبي بكر (ت. ٥٤٨هـ/١١٥٣م):**

١٢. الملل والنحل، تح: أمير على مهنا، على حسن فاعور، ط٣، دار المعرفة، (بيروت، ١٩٩٣).

- **الصنعاني، أبو بكر عبد الرزاق بن همام (٢١١هـ/٨٢٦م):**

١٣. المصنف، تح: حبيب الرحمن الأعظمي، ط٢، المجلس العلمي، (نيودلهي، ١٩٨٣م).

- **الطبري، محمد بن جرير (ت. ٣١٠هـ/٩٢٣م):**

١٤. تاريخ الرسل والملوك، تح: محمد أبو الفضل إبراهيم، ط٢، دار المعارف، (القاهرة، ١٩٦٧).

١٥. تفسير الطبري، تح: عبد الله بن عبد المحسن التركي، دار هجر، (القاهرة، ٢٠٠١).

- **ابن عبد ربه الأندلسي، شهاب الدين احمد بن محمد (ت. ٣٢٨هـ/٩٣٩م):**

١٦. العقد الفريد، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٤٠٤هـ).

- **ابن عقيل أبو الوفاء (ت. ٥١٣هـ/١١١٩م):**

١٧. كتاب الفنون، تح: جورج المقدسي، دار المشرق، (بيروت، ١٩٧٠م).

- **الغزالي، أبو حامد محمد بن محمد الطوسي (ت ٥٠٥هـ/١١١١م):**

١٨. احياء علوم الدين، دار المعرفة، (بيروت، ١٩٨٥).

١٩. الاقتصاد في الاعتقاد، تح: عبد الله محمد الخليلي، دار الكتب العلمية، (بيروت، ٢٠٠٤).

٢٠. التبر المبسوك في نصيحة الملوك، تح: احمد شمس الدين، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٩٨٨).

٢١. فضائح الباطنية، تح: عبدالرحمن بدوي، دار الكتب، (الكويت، د.س).

٢٢. قواعد العقائد، تح:موسى محمد علي، ط٢، عالم الكتب، (لبنان، ١٩٨٥).

- **الفارابي، ابو نصر محمد بن محمد بن طرخان (ت ٣٣٩هـ/ ٩٥٠م):**

٢٣. آراء المدينة الفاضلة، ط٢، دار المشرق، (بيروت، ١٩٨٦)

- **القاضي عبدالجبار، بن احمد بن عبدالجبار الهمذاني (ت. ٤١٥هـ/١٠٢٤م):**

٢٤. المغني في ابواب التوحيد والعدل، التعديل والتجوير، تح: محمود محمد قاسم، مطبعة دارا لكتب، (القاهرة،س).

- **القرطبي، محمد بن أحمد (ت.٦٧١هـ/١٢٧٣م):**

٢٥. الجامع لأحكام القرآن، تح: أحمد البردوني و إبراهيم أطفيش، ط٢، دار الكتب المصرية، (القاهرة، ١٩٦٤م).

- القلقشندي، احمد بن علي (ت. ٨٢١هـ/١٤١٨م):

٢٦. مآثر الإنافة في معالم الخلافة، تح: عبد الستار أحمد فراج، ط٢، مطبعة حكومة الكويت، (الكويت، ١٩٨٥).

- **ابن كثير، عماد الدين، أبو الفداء بن إسماعيل بن عمر (٧٧٤هـ/١٣٧٢م):**

٢٧. البداية والنهاية، عبد الله بن عبد المحسن التركي، دار هجر، (القاهرة، ١٩٩٧)

- **الماوردي، ابو الحسن علي بن محمد بن محمد بن حبيب البصري (ت. ٤٥٠هـ/١٠٥٨م):**

٢٨. الحاوي الكبير في فقه مذهب الإمام الشافعي وهو شرح مختصر المزني، تح: علي محمد معوض و عادل أحمد عبد الموجود، دار الكتب العلمية، (بيروت، ١٩٩٩).

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

٢٩. الأحكام السلطانية، تح: أحمد جاد، دارالحديث، (القاهرة، ٢٠٠٦).

**دووەم: سەرچاوە نوێیەکان**

- **الجامي، محمد أمان بن علي:**

٣٠. حقيقة الشورى في الإسلام، دار التقوى، (المدينة المنورة، ١٩٩٣).

- **الشنقيطي، محمد مختار:**

٣١. الازمة الدستورية في الحضارة الاسلامية من الفتنة الكبرى الى الربيع العربي، دار الكتب القطرية، (الدوحة، ٢٠١٨).

- **النبهاني، تقي الدين:**

٣٢. نظام الحكم في الإسلام، صادر ريحاني، (بيروت، ١٩٥١).

- **البيولي، صلاح الدين :**

٣٣. الفكر السياسي عند الماوردي، دار الثقافة، (القاهرة، ١٩٨٣).

- **جبرون، امحمد:**

٣٤. العدالة في الفكر السياسي التراثي الحد والمحدودية، المؤتمر الثاني للعلوم الإجتماعية والإنسانية، المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات، (مارس، ٢٠١٣).

- **حبش، محمد:**

٣٥. نظام الحكم في الإسلام، مكتبة الفلاح، (الكويت، ٢٠١٩).

- **حبيب، سعد عبدالسلام:**

٣٦. الشورى في الأسلام، المجلس الأعلى للشؤن الإسلامية، (القاهرة، د.س).

- **رسول، عبدالله رسول:**

٣٧. ڕەنگدانەوەی ململانێی سیاسی و ئایینی لەسەر ڕەوشی هزر و زانست لە شارستانییەتی ئیسلامیدا، بەغداد و ئەندەلووس بەنموونە (٥-٦ک/١١-١٢ز)، نوسینگەی تەفسیر، (هەولێر، ٢٠٢٥).

- **الزبداني عمر أنور:**

٣٨. السياسة الشرعية عندالجويني، قواعدها ومقاصدها، دار البشائر الإسلامية، (بيروت، ٢٠١١).

- **سعيد، صبحي عبدة:**

٣٩. الحاكم وأصول الحكم في النظام الإسلامي، دار الفكر العربي، (القاهرة، ١٩٨٥).

- **عطوان، حسين:**

٤٠. الأمويون والخلافة، دار الجيل، (بيروت، ١٩٨٦م).

- **علية، سمير:**

٤١. نظرية الدولة وآدابها في الإسلام، المؤسسة الجامعية للدراسات، (بيروت، ١٩٨٨م).

- **عمارة، محمد:**

٤٢. المعتزلة والثورة، دار الهلال، (القاهرة، 1984).

• عودة، عبد القادر:

٤٣. الإسلام وأوضاعنا السياسية، مؤسسة الرسالة، (بيروت، ١٩٨١).

• عويس، عبدالحليم:

٤٤. موسوعة مصطلحات علوم القرآن، ط٢، دار الوفاء، (المنصورة، ٢٠٠٧)

List of sources

**First, the original sources**

**•Ibn Abi Ya'li ibn al-Afra ,'al-Qazi Ibn Abi Ya'li Muhammad ibn al-Hussein (d. 458 AH/1065 AD:(**

1. Al-Ahkam al-Sultaniyah, by Mohammed Hamid al-Faqī, Vol. 2, Dar al-Kitb al-Ilmiyah) ,Beirut, 2000.(

**• • • •Al-Baydawi, Nasruddin (d ٦٨٥ .AH ١٢٨٦ / AD: (**

2. Lights of Revelation and Secrets of Interpretation, by Mohammed Abdul Rahman al-Marashli, Dar al-Tarath, (Beirut, 1418 AH. (

**• • • •Ibn Taymiyah, Ahmad ibn 'Abd al-Halim ibn 'Abd al-Salam (d. 827 AH/1327 AD :(**

3. Shari'ah Policy in the Reform of the Shepherd and the Shepherd, Ministry of Islamic Affairs, Endowments, Da'wah and Guidance, (Riyadh, 1418 AH.(

4. Minhaj al-Sunnah al-Nabawiyah fi Naqz al-Qadriyah Shi'ah Kalam, by Mohammed Rashad Salim, Imam Mohammed bin Saud Islamic University, (Riyadh, 1986.(

5. The Caliphate and the King, by Hamad Salama, Vol ,٢ .Al-Manar Library ,Jordan. ١٩٩٤ ,

**• • • •Jarir (d. 110 AH/728 AD:(**

6. Diwan Jarir, Noman Mohammed Amin Taha, Vol. 3, Dar al-Ma'arif, (Cairo, DS.(

**• • • •Al-Jawaini ,Abdullah ibn Yusuf ibn Muhammad (d. 478 AH/1085 AD :(**

7. Al-Ghayathi Ghayath al-Ummam in al-Tiyath al-Zulm, by: Abdul Azim al-Dayb ,vol ,٢ .Imam al-Harmain Office, (Riyadh, 1401 AH.(

**• • • •Ibn Khaldun, Abdul Rahman ibn Muhammad ibn Muhammad (d. 808 AH/1405 AD :(**

8. ا لعبر وديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والعجم والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر، Tah: Khalil Shahada , Dar al-Fakr , (Beirut, 1981.(

**• • • •Ibn Shabbah, Abu Zayd 'Umar (d. 262 AH/876 AD :(**

9. Tarikh al-Madinah , by Fahim Mohammed Shaltut, ( Jeddah, 1399 AH.(

• • • •**Al-Radhi , Sayyid al-Sharif (d. 406 AH ١٠١٥/ AD:(**

10. Nahj al-Balagha, Vol. 4 ,Dar al-Kitab al-Lebanese, Beirut,

• • • •**Al-Zumkhshri, Mahmoud ibn Amr ibn Ahmad (d. 538 AH/1143 AD:(**

11. Al-Kashaf An-Haqaiq Ghawamiz al-Tanzil and the eyes of the Qawil in the face of interpretation, vol. 3, Dar al-Kitb al-Arabi, (Beirut, 1407 AH ( .

•**Al-Shahristani , Muhammad ibn Abdul Karim ibn Abi Bakr r ( t ) 548 AH /1153m:(**

12. Al-Mall and Al-Nahl, by Amir Ali Mahna, Ali Hassan Faour, vol. 3 , Dar al-Ma'arifa, ( Beirut, 1993.(

• **Al-San'ani ,Abu Bakr 'Abd al-Razzaq ibn Hammam (211 AH /826 AD:(**

13. Author, Habib al-Rahman al-Azmi, vol. 2 , Scientific Council, ( New Delhi, 1983. (

• • • •**Al-Tabari, Muhammad ibn Jarir) d. 310 AH/923 AD:(**

14. Tarikh al-Rasl wa al-Maluk, by Muhammad Abu al-Fadl Ibrahim, vol. 2, Dar al-Ma'arif, (Cairo, 1967. (

15. Tafsir al-Tabari, by Abdullah ibn Abdul Mohsen al-Turki, Dar Hijr, (Cairo, 2001. (

•**Ibn 'Abd al-Rabah al-Andalusi, Shahab al-Din Ahmad ibn Muhammad (d. 328 AH/939 AD:(**

16. Al-Aqd al-Farid, Dar al-Kitb al-Ulamiyah, (Beirut, 1404 AH.(

• **Ibn' Aqil Abu al-Wafa' (d. 513 AH/1119 AD:(**

17. Kitab al-Funun, by George al-Muqaddasi, Dar al-Mashreq, (Beirut, 1970. (

• • • •**Al-Ghazali ,Abu Hamid Muhammad ibn Muhammad al-Tusi ( d. 505 AH /1111 AD: (**

18. Revival of Religious Sciences, Dar al-Ma'arifa, (Beirut, 1985.(

19. Economics in Beliefs, by Abdullah Mohammed al-Khalili, Dar al-Kitb al-Ulamiyah, (Beirut, 2004.(

20. Al-Tabar al-Mabsuk in the advice of the kings, by Ahmad Shams al-Din, Dar al-Kitb al-Ulamiyah, (Beirut, 1988.(

21. Internal scandals, by: Abdul Rahman Badwi, Dar al-Kitb, (Kuwait, DS.(

22. Rules of Beliefs, by Musa Mohammed Ali, Vol. 2 ,World of Books, (Lebanon, 1985.(

**•Al-Farabi, Abu Nasr Muhammad ibn Muhammad ibn Tarkhan ) t ٣٣٩ AH٩٥٠/ m:(**

23. View of the Virtuous City, Vol. 2, Dar al-Mashreq, (Beirut, 1986(

**• • • •Al-Qazi Abdul Jabbar ,ibn Ahmad ibn Abdul Jabbar al-Hamdhani ( d. 415 AH/1024 AD:(**

24. Al-Mughni in the fields of monotheism and justice, adjustment and disto rtion, by :Mahmoud Mohammed Qasim, Dar al-Kitb Printing House, (C airo, S.(

**• • • •Al-Qurtubi, Muhammad ibn Ahmad) d. 671 AH/1273 AD:(**

25. Al-Jami' al-Ahkam al-Qur'an, by Ahmad al-Barduni and Ibrahim Atfish, vol. 2, Dar al-Kitb al-Masriyah, (Cairo, 1964.(

• • • •Al-Qalqshandi ,Ahmad ibn Ali (d. 821 AH/1418 AD:(

26. The Effects of Healing in the Conditions of the Caliphate, by Abdul Sattar Ahmad Faraj, Volume 2, Kuwait Government Printing House, (Kuwait, 1985.(

**• • • •Ibn Katheer, Emad al-Din, Abu al-Fada' ibn Ismail ibn 'Umar (774 AH /1372 AD:(**

27. The Beginning and the End, Abdullah ibn Abdul Mohsen Al-Turki, Dar Hajr , ( Cairo, 1997(

**•Al-Mawardi , Abu al-Hasan Ali ibn Muhammad ibn Muhammad ibn Habib al-Basri (d. 450 AH/1058 AD:(**

28. Al-Hawi al-Kabir in the jurisprudence of Imam al-Shafi'i and his brief commentary on al-Muzni ,by Ali Muhammad Ma'waz and Adel Ahmad Abdul Majud, Dar al-Kitb al-Ilamiyah) ,Beirut, 1999.(

29. Al-Ahkam al-Sultaniyah , by Ahmad Jad, Dar al-Hadith, ( Cairo, 2006. (

**Second, new sources**

**• Al-Jami ,M .Hamad Aman Bin Ali:**

30. Haqiqah al-Shuri in Islam, Dar al-Taqwi) ,Al-Madinah al-Munoura, 1993.(

**• Al-Shanqiti ,Mohammed Mukhtar:**

31. The Constitutional Period in Islamic Civilization from the Great Tribulation to Al-Rabi' al-Araby, Qatari Book House, (Doha.(٢٠١٨ ,

**• Al-Nabhani ,Taqi al-Din:**

32. System of Government in Islam , Sader Rihani ) ,Beirut. (١٩٥١ ,

**• Al-Biwli ,Salahuddin:**

33. Political Thought at Al-Mawardi, Dar al-Thaqafa) ,Cairo, 1983.(

- **Gibron ,Muhammad:**

34. Justice in the political thought of the limited and limited heritage, Second Conference for Social Sciences and Humanities, Arab Center for Policy Research and Studies, (March, 2013.(

- **Habsh ,Mohammed:**

35. System of Government in Islam, Al-Falah Library, (Kuwait, 2019.(

- **Habib ,Saad Abdulsalam:**

36. Al-Shura'i in Islam ,Supreme Council for Islamic Policy, (Cairo, DS.(

- **Rasool ,Abdullah Rasool:**

37. Reflection of Political and Religious Conflict on the State of Thought and Science in Islamic Civilization, Baghdad and Andalusia for Example (5-6 AH/11-12 AD), Tafsir Office, (Erbil, 2025.(

- **Al-Zabdani Omar Anwar:**

38. Legitimate Politics Andal Juwaini, its rules and purposes, Dar al-Bashair al-Islamiyya, (Beirut.(٢٠١١ ,

- **Saeed ,Subhi Abda:**

39. The ruler and the principles of rule in the Islamic system, Dar al-Fakr al-Arabi, (Cairo, 1985. (

- **Atwan ,Hussein:**

40. Al-Amuyun wa al-Khilafah ,Dar al-Jil, (Beirut, 1986. (

- **Alia ,Samir:**

41. Theory of the State and its Ethics in Islam, University Foundation for Studies, ( Beirut, 1988. (

- **Ammar ,Mohammed:**

42. Al-Mu'tazilah wa al-Thawra, Dar al-Hilal, (Cairo ,1984 . (

- **Oda ,Abdul Qadir:**

43. Islam and Our Political Discourse ,Message Foundation, ( Beirut, 1981.(

- **Owais ,Abdul Halim:**

44. Encyclopedia of Terms of Quranic Sciences, Vol ,٢ .Dar al-Wafa', (Al-Mansura, 2007(